# شیکردنەوەیەکی جوگرافی
# بۆ دابەشبوونی سامانی نەوت
# لە کوردستانی عێراق
## (توێژینەوەیەکە لە جوگرافیای ئابووری)

**سەرکەوت عەبدوڵلا دەروێش پیرداود**
قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەددین
مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردە
sarkawthajepera@gmail.com

**پ.ی.د. سیروان عارەب سادق**
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی –
بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان
زانکۆی سەلاحەددین
serwan.sadiq@su.edu.krd

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوە بۆ بابەتێکی گرنگ دەکرێت لە چوارچێوەی زانستی جوگرافیای ئابووری، ئەویش (دابەشبوونی جوگرافیای سامانی نەوتە لە کوردستانی عێراق)دا. ئەم هەرێمە بەشێکە لە جەرگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی دەوڵەمەند بە نەوت. توێژینەوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کوردستانی عێراق خاوەنی قەبارەیەکی مەزنە لە یەدەگی نەوت، کە بە جیاوازی شوێنگەی جوگرافی و جیۆلۆجی دابەشبووە بەسەر پارێزگا و ناوچە کوردستانییەکانی بە جیاوازی تایبەتمەندیانەوە.

بایەخی ئەم بابەتە لەوەدایە؛ کە ئەمڕۆ سامانی نەوت بە یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی پشت پێبەستنی ژیانی ئابووری کوردستانی عێراق دادەنرێت، بوونی ئەم سەرچاوەیەش بەو قەبارە مەزنەی هەیە لە حەشارگەکانی ناوچەکە وای کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵانی (٢٠٠٧) بکەوێتەخۆ بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک گرێبەستی

نەوت و گازی تایبەت بە گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە و دەرهێنان و بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییە نێودەوڵەتییەکان، بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی وزە و بەدیهێنانی ئابووری سەربەخۆ.

توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی هەیە لەوانە؛ خستنەڕووی هەنگاوەکانی بەرەو پێشچوونی بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن ساڵ لە دوای ساڵ، دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری کەرتی نەوت لەسەر بەرزکردنەوەی پێگەی ئابووری و سیاسی و ستراتیژی کوردستانی عێراق لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی. لە پێناوی پێکانی ئامانجەکانیدا توێژینەوەکە بە قوڵایی بابەتەکانی پلانەکەیدا دەچێت کە بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە.

یەکێک لە دیارترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە قەبارەی یەدەگی نەوتی دڵنیایی و پێشبینیکراوی کوردستانی عێراقە کە خۆی لە (١٢١,٨٣٠ ملیار بەرمیل نەوت) دەدات، و ڕووبەری کێڵگە و بلۆکەکانی ئەوانەی دامەزراون و ئەوانەشی لە ژێر ڕووپێودان دەگاتە (٤٠,٥٢٠ کم٢)، ژمارەی سەرجەم بیرە لێدراوەکانیان یەکسانە بە (١,٠٥٦ بیر)، ناوەندی قوڵی بیرەکان بەگشتی یەکسانە بە (٢,٩١٩ مەتر).

**وشە سەرەکییەکان:** دابەشبوونی جوگرافی، سامانی نەوت، کێڵگە گازیەکان، بەرهەمهێنان، هەناردەکردن.

**پێشەکی؛**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نەوت بە یەکێک لە دەرامەتە هەرە گرنگەکانی نێوململانێی سیاسی و ئابووری و ستراتیژی دادەنرێت، کە سەرجەم وڵاتان لە ئاستی دونیادا بە هەر نرخێک بێ و بە هەر ڕێگایەک بێ هەوڵی دەستخستنی دەدەن. وڵاتانێک هەن ناخی سروشتەکەیان خواپێداوێکی گەورەی ئەم کەرەستە خاوە پڕ بەهادارەی شارستانیەیە، لە بەرامبەردا وڵاتانێکی تر هەن لە دەرەوە هاوردەی دەکەن و پێویستییەکانی خۆیانی لێ پڕ دەکەنەوە. لەبەرئەوەی نەوت لە ڕووی جوگرافییەوە بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەبووە، هەر ئەمەش وای کردووە لە ماوەی سەدەو نیوی ڕابردوو وەک زێڕی ڕەش و زیاتریش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دەیان جەنگی خوێناوی لە پێناویدا هەڵبگیرسێ بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچە و هەرێمانەی دەوڵەمەندن بەو دەرامەتە بە نرخە.

**یەکەم/ گرفتی توێژینەوە ؛**

١. ئایا دەرامەتی نەوت لە هەموو ناوچەیەک و پارێزگایەکی توێژینەوەدا لە ڕووی یەدەگ و تایبەتمەندییەکانیەوە وەک یەک دابەش بووە؟
٢. ئایا تا چەند کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکان وەبەرهێنانیان تێدا کراوە؟
٣. ئەو هۆکارانە چین کە وایان کردووە کۆمپانیا گەورەکانی دونیا لە بواری وزەدا ڕوو لە کوردستانی عێراق بکەن؟
٤. ڕۆڵی نەوت چییە لە بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسی و ئابووری کوردستانی عێراق لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی؟
٥. ئەو جیاوازییانە چین کە بەسەر بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردندا هاتووە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)یەوە لە کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکان؟ ژمارەکان چ ئاماژەیەکمان پێدەدەن؟

**دووەم/ گریمانەی توێژینەوە ؛**

بریتییە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی كە لە گرفتی توێژینەوەدا هاتووە لەبارەی بایەخی بوونی دەرامەتی نەوت لە كوردستانی عێراقدا بەو قەبارەی هەیە بۆ ئێستا و ئایندەی ناوچەكە و دابەشبوونە جوگرافیەكەی؛

١. هەریەكە لە پارێزگاكانی ناوچەی توێژینەوە و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی نەوت و بڕی یەدەگەكەیەوە لە یەكتری جیاوازن.

٢. بوونی دەرامەتی نەوت بەو قەبارەی كە هەیە كاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر ڕاكیشانی كۆمپانیا گەورەو بچووكەكان كە بێن و سەرمایەگوزاری بكەن و سەرمایەكانیان بەگەڕ بخەن لە بوارەكانی گەڕان و پشكنین و بەرهەمهێنان و هەناردەكردنی نەوتەكەی.

٣. ناوچەی توێژینەوە توانیویەتی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێگەی خۆی بناسێنێت، بڕیاری ئابووری سەربەخۆ بدات لەگەڵ دەسپێكی هەنگاوەكانی هەناردەكردنی یەكەم تەبارەی نەوت بۆ دەرەوە، بۆ ئەوەی پشت بە داهاتی خۆی ببەستێت، بەلام ئایا تا چەند ئەو داهاتە گەڕاوەی نەوت ڕۆڵی هەبووە لە بەدیهێنانی ئامانجەكانی پەرەپێدانی بەردەوام؟

**سێیەم/ گرنگی توێژینەوە ؛**

ئەمڕۆ لە هەموو كاتێكی تر زیاتر نەوت بایەخی گەورەی پێدەدرێت وەكو سەرچاوەیەكی سەرەكی وزەی جیهانی، لەبەرئەوەی بە بێ نەوت ڕەوڕەوەی پیشكەوتنەكانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەو شێوەیەی هەیە بەردەوام نابێت. هەر بۆیە ئەو شوێن و جێگایانەشی كەوا یەدەگێكی گەورەی نەوتی لە ناخی زەویەكەیدا لە حەشارگەكانی كۆبووەتەوە بووەتە جێ سەرنجی كۆمپانیا گەورەو بچووكەكانی وزەی

جیهانی. کوردستانی عێراقیش خاوەنی چەندین ناوچەی نەوتەلانییە کە بە پێی جیاوازی دابەشبوونی شوێنگەی جوگرافی و جیۆلۆجی دابەشبوون. مامەڵەکردنێکی ئابووری و بازرگانی و سیاسییانەی تەندروست لەلایەن هەرێمەوە بە دۆسیەی نەوت و ئیدارەدانی بەشێوەکی زانستی و دادپەروەرانە وادەکات ناوچەکەمان بوژانەوەیەکی جۆری بەخۆیەوە ببینێت، بە تایبەت لە ڕووەکانی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەوە کە دەتوانێت تەکانێکی گەورە بەخۆیەوە بدات، ئەمە سەرباری ئەوەی کوردستانی عێراق دەچێتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی، ئەوا داهاتی تاک و نەتەوەش لە بە ڕۆشنایی فرۆشتن و هەناردەکردنی نەوت بەرزدەبێتەوە، کوردستانی عێراق ڕوویێکی گەش و پەرەپیدانی بەردەوامی تەواوەتی دەبێت لە ئاستی ناوەخۆدا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگە.

**چوارەم/ ئامانجی توێژینەوە ؛**

١. دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی بوونتە هۆی جیاوازی لە دابەشبوونی جوگرافیای کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکان لە کوردستانی عێراق، لە پاشانیش کاریگەری ئەم دابەشبوونە لەسەر بڕی بەرهەمهێناندا.

٢. خستنەڕووی هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی چەندێتی بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن لە نێوان سالآنی (٢٠٠٣ – ٢٠٢٠).

٣. دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری کەرتی نەوت لەسەر بەرزکردنەوەی پێگەی ئابووری و سیاسی و ستراتیژی کوردستانی عێراق لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نیودەوڵەتی.

**پێنجەم/ میتۆدی توێژینەوە ؛**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە دوو میتۆدی سەرەکی بەستراوە ئەوانیش؛ میتۆدی شیکاری سیستەم (Analytical System) بۆ

شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی بابەتەکانی بەرباس، وە میتۆدی بەراوردکاری (Comparative Method) پشتی پێبەستراوە بۆ بەراوردکردنی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکان و بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنیان.

**شەشەم/ پلانی توێژینەوە ؛**

ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە؛


١. تەوەری یەکەم/ شیکردنەوەی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکان و بڕی یەدەگیان خراوەتەڕوو، لەگەڵ هۆکارەکانی دابەشبوونی جوگرافیان.
٢. تەوەری دووەم/ تێیدا شیکردنەوە کراوە بۆ دابەشبوونی جوگرافی بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت.
٣. تەوەری سێیەم/ ئاسۆی دواڕۆژی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستانی عێراق

**حەوتەم/ ناوچەی توێژینەوە ؛**

ناوچەی توێژینەوە بریتییە لە کوردستانی عێراق، کە لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتۆتە نیوە گۆی باکوری زەوی، ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینج، بەشێکە لە جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵکەوتووە لە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەر ئاسیا (Asia Continent)، بە دیارکراوی لە ڕووی فەلەکییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ( ٣٢°٤٥′ N– 37°22′ N ) باکوری گۆی زەوی و هەردوو هێڵی درێژی ( ٤١°١٧′ E – 46°20′ E ) ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینج. گرنگی هەڵکەوتەی ئەم شوێنە فەلەکییەی لەسەر گۆی زەوی بە دیاردەکەوێت لە ڕووی جوگرافییە سروشتییەکەی (Natural Geography) کە کاریگەری هەیە لەسەر لایەنە مرۆیی و ئابوورییەکەی و دەرامەتە بە نرخەکانی. ڕوانین لە (نەخشەی -١).

**(نەخشەی -١)**

**شوێنی فەلەکی و جوگرافی کوردستانی عێراق**




کاری توێژەران پشت بەست بە: ١. حداد، هاشم یاسین، (٢٠٠٩)، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کۆمپانیای تێ نووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر. ٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢٢).

## یەکەم/ شیکردنەوەی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکان و بڕی یەدەگیان

**Geographical distribution of oil fields and their reserves**

بەر لە خستنەڕووی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکان جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە بوونی نەوت لە کوردستانی عێراقدا مێژوویێکی دووروودرێژی هەیە کە لە لایەن گەڕیدەوان و مێژوونووسانەوە زۆر بە وردییەوە وەسفکراوە، ئەم مێژووەش بە ئاگری ئەزەلی بابەگوڕگوڕ بەر لە هەزاران ساڵەوە دەست پێدەکات تا هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت لەکەرکوک لە ساڵی (١٩٢٧). نەوت لەم هەرێمە جوگرافیەدا لێرەو لەوێ لە ناخی زەویەکەیدا بە ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر گۆم بووە. بڕوانە (قادر، ٢٠٠٨، ٢١ – ٤٧)، (عبدالعزیز، ٢٠٢٠، ٢٠٩ - ٢١١)

هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی (١٩٢١) تا ڕوخانی لە ساڵی (٢٠٠٣) کوردی عێراق نەیتوانیوە سوود لە دەرامەتی نەوتی ژێر خاکەکەی وەربگرێت، بەڵام دەتوانرێ بگوترێ سەرەتای دەسپێکی دەستبردنی کورد لە کوردستانی عێراق بۆ بەشێکی بچووک لە دەرهێنانی نەوتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای بڵێسەی ڕاپەڕین (١٩٩١/٣/٥ز)، بە دیارکراوی لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە (١٩٩٣/٣/١٨ز) دامەزرا، ئەوەبوو بۆ یەکەمجار لە (١٩٩٣/٨/١٧ز) یەکەمین هەنگاونرا بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی نەوتی شیواشۆکی سنووری ناحیەی تەق تەقی سەر بە قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر، هەر بۆیە لە دانیشتنی ژمارە (١٩)ی بەرواری (١٩٩٤/٧/٣٠ز) بڕیاری لەبارەیەوە دەرچوو. (مەلا هەمزە، ٢٠١٧، ٢٧ – ٢٨).

دوابەدوای ئەم هەنگاوەی ساڵی (١٩٩٤)، ئەم پڕۆسە ئابوورییە

سیاسییە پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینی بەتایبەت دوای ساڵی (٢٠٠٣) و ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراقی لە (٢٠٠٣/٤/٩ز). ئەم بەرەو پێشچوونەش ڕوویدا لە ئەنجامی ؛ (الكاكائي, ٢٠٢٠، ٣)، (أوابک, ٢٠٢١، ٨ – ١١)، (عبدالخالق، ٢٠١٨، ١٢٦ – ١٢٧)، ( Yamulki and Shareef, 2020, 35)

أ. دەوڵەمەندی کوردستانی عێراق بە یەدەگی دڵنیایی نەوت (Proven Crude Oil Reserves) کە بە پێی توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان خاوەنی نزیکەی (٥٥ b. barrels) ملیار بەرمیل نەوتە، واتە بە پلەی (٩ نۆیەم) دێت لەسەر ئاستی جیهان، لە (یەدەگی نەوتی لیبیا – ٤٨.٤ b. barrels) زیاترە، دەکاتە ڕێژەی لە (٣٧.٠٦%) یەدەگی نەوتی دڵنیایی عێراق کە ڕێکخراوی ( Organization of Arab Petroleum Exporting Countries - OAPEC) بۆ ساڵی (٢٠٢١) بە (١٤٨.٤٠ b. barrels) خەمڵاندویەتی کە عێراق بە پلەی (٥ پێنجەم) دێت لەسەر ئاستی جیهان دوای هەریەکە لە ڤەنزوێلا و سعودیە و کەنەدا و ئێران و ڕێژەی (١٠٪) ی یەدەگی نەوتی جیهانی هەیە.

ب.جێگیری باری سیاسی و ئەمنی.

ت.گەشکردنی خێرایی ئابووری هەرێم لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥ – ٢٠١٥).

ث. ڕەچاوکردنی پەیوەندی ئابووری باشی دراوسێتی.

هەموو ئەم فاکتەرە کاریگەرانە یارمەتی بەرەوپێشچوون و چالاکبوونی کەرتی وزەیاندا، بوونە مایەی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ لە سەرپێوەستانی ئەم کەرتە زیندووە، کە بە داینەمۆی سەرەکی پەرەپێدانی بەردەوامی ئابووری دادەنرێت. ئەمە بووە مایەی واژۆکردنی (٥٨ گرێبەستی دۆزینەوەو بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی) کە زۆربەیان لە جۆری (گرێبەستی بەشداری بەرهەمهێنان – Production

Sharing Contracts)ن لەگەڵ كۆمپانیا نێو دەوڵەتییە بیانییەكان لە بواری نەوت و گازی سروشتی، (محمد و حسێن، ٢٠١٨، ١٢٩) كە لە دوایدا باسی لێوە دەكرێت. لێرەشدا باس لە دابەشبوونی جوگرافی كێڵگە و بلۆكە نەوتییەكان دەكرێت.

بۆ ئەوەی بە تەواوی بپرێژینە سەر وەسفكردنی جوگرافی دابەشبوونی كێڵگە و بلۆكە نەوتییەكان و بڕی یەدەگیان، ئەوا لەسەر ئاستی پارێزگاكان بە وردی دەخرێنەڕوو.

**١. كێڵگە نەوتییەكانی پارێزگای كەركوك؛**

شوێنی پارێزگای كەركوك خاوەنی باشترین قوڵایی جیۆلۆجی حەشارگە و كۆگای نەوتییە لەسەر ئاستی عێراق و جیهان بە گشتی، لەبەرئەوەی ئەم شوێنە بڕی بەرهەم و یەدەگەكەی ئەوەندە زۆرە كە پێوانە ناكرێت لەگەڵ كێڵگە نەوتییەكانی تری عێراق كە هەر لە ساڵی (١٩٣٤)ەوە تا هەنووكە (٢٠٢٣) بێ پسانەوە جۆری باشی بەرهەمەكەی بە هەموو دونیا دەبەخشێ، ئەمە سەرباری باشی جۆری نەوتییەكەی و كەمی خڵتە (Impurities) تێیدا، ئەوا حەشارگەكانیشی نزیكن لە ڕووی زەوییەوە، بۆیە تێچوونی دەرهێنانی نەوتەكەیان كەمە. لە ئێستادا نەوتی ئەم پارێزگایە لە ژێر سەرپەرشتی كۆمپانیای نەوتی باكوور ( North Oil Company - NOC) بەڕێوە دەبرێت كە لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە دامەزراوە. (طالب و صادق، ٢٠١٩، لا ٢١٨). بە سەرنجدان لە (خشتەی – ١) دەردەكەوێت؛

أ. كێڵگە نەوتییەكانی پارێزگای كەركوك ژمارەیان (١٣ كێڵگە)یە، یەكەمیان (كەركوك)ە كە لە ساڵی (١٩٢٧) دۆزراوەتەوە، كۆتاهەمینیان (ئیسماعیل)ە كە لە ساڵی (١٩٩٦) دۆزراوەتەوە. وە لە نێویاندا (٥ كێڵگەی بەرهەمهێنراو) هەیە كە بریتین لە (كەركوك – بای حەسەن – زەنبور – خەباز – حەمرین)، بەیەكەوە خاوەنی گەورەترین بڕی

یەدەگن لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە (٢٢,٩ ملیار بەرمیل نەوت) یەدەگەکەیان دانراوە. سەبارەت بە کێڵگەکانی تر بیریان تێدا هەڵکەنراوە لە خشتەکەدا ساڵی دۆزینەوەیان ئاماژەی پێدراوە، بەڵام ئەزموونین و تا ئێستا بەرهەمهێنانیان نەبووە.

ب. کۆی ڕووبەری کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک بریتییە لە (١٦٠٦.٥ کم٢)، ئەمەش دەکاتە (%١٥.٦٤)ی کۆی ڕووبەری پارێزگاکە، (کاری توێژەرە پشت بەست بە بەرنامەی – ArcMap 10.8)، سەرجەمی درێژی و پانی ئەم کێڵگانە یەکسانە بە (٣٦٨ کم درێژ) و (٣٥.٥ کم پان).

ت. ژمارەی ئەو بیرە نەوتییانەی لە کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک تا ئێستا هەڵکەنراوە بە بیرە بەرهەمهێنراو و ئەزموونییەکان خۆی لە (٧٤٣ بیرە نەوت) دەدات. تێکڕای قوڵایی ئەم بیرانە دەگاتە (٢٢٧٦ م)، ئەمەش تێکڕایەکی باشە بە بەراود بە زۆرێک لە ناوچە نەوتەلانییەکان.

ث. بڕی یەدەگی کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوک بە گشتی دەگاتە (٢٤,٦٦٥,٠٠٠,٠٠٠ بیست و چوار ملیار و شەش سەد و شەست و پێنج ملیۆن بەرمیل نەوت). کە بە تەنها کێڵگەی کەرکوک بە ڕێژەی (٤٠.٥٤٪) بەشدارە لە بڕی ئەو یەدەگە نایاب و پڕ بەهایە.

ئاشکرایە تا ساڵی (١٩٥٠) نەوتی کێڵگەکانی کەرکوک بە تەنها دابینی (١٠٠٪) بودجەی گشتی عێراقی کردووە، هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لەو دەمەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بوژانەوەی ئابووری عێراق. بەڵام دواتر ڕێژەی بەشدارییەکەی ساڵ لە دوای ساڵ کەمبۆتەوە، بەهۆی دۆزینەوەو دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت لە ناوچەکانی تری عێراق، لە ساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی بەشداری دادەبەزێت بۆ (٤٨.٦٪)، بەڵام لە کاتی جەنگی (عێراق – ئێران) ڕێژەی بەشداری نەوتی کەرکوک بەرزدەبێتەوە بۆ (٩٢.١٪)ی بودجەی گشتی عێراق، چونکە ناوچەکانی باشوری عێراق ببووە گۆڕەپانی جەنگ لە نێوان

هەردوولا. ئەم کێڵگانەی کەرکوک لە ڕووی جۆر و کوالیتی و ڕێگاکانی دەرهێنان لێکچوون، بە باشی جۆرەکەیان و ئاسانی دەرهێنان و کەمی تێچووی ئابووری ناسراون. هەر باشی ئەم کوالێتیەشە وای کردووە ئارەزووی بازاڕەکانی جیهانی لەسەر بێت. (طالب و صادق، ٢٠١٩، لا ٢١٩).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووش دەبینرێ بە تەنها داهاتی نەوتی کەرکوک چ ڕۆڵێکی هەبووە لە بۆ ئابووری عێراق؛

أ. سالانی (١٩٣٤ – ١٩٥٨) بەهۆی ڕێکەوتنی تایبەمافی (إمتیاز)ی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بە گوێرەی مەرجەکان، حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق داهاتی نەوتیان بەگەڕ دەخست بۆ مەبەستەکانی پەرەپێدان و وەبەرهێنان، لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی ناڕێکخراو داهاتەکەیان دابەشکردبوو، (٣٠٪)یان بەگەڕخستبوو بۆ کەرتە بەرهەمهێنەرەکان (٢٥٪) بۆ پرۆژەکانی ئاودێری و (٥٪) بۆ کەرتی پیشەسازی)، لە (٧٠٪)ی داهاتی نەوتی کەرکوکیان بۆ کەرتە بێ بەرهەمەکان تەرخان کردبوو لەوانە (٢٥٪) بۆ کەرتی سەربازی و (١٥٪) بۆ قەرزەکان و (٣٠٪) بۆ بیناسازی). (كجةجي، ٢٠٠٢، ٥٩).

ب.لە دوای ساڵی (١٩٥٩) بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت بە تایبەتیش نەوتی کەرکوک، حکومەتی عێراقی سیاسەتێکی ئابووری نوێی گرتەبەر بۆ جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکان، پلانی ئابووری (١٩٦١ – ١٩٦٥) دانرا، کە ئەم خاڵانەی دەگرتە خۆی؛

١. یاسای (چاکسازی کشتوکاڵی - الإصلاح الزراعي) (یاسای ژمارە ٣٠ ساڵی ١٩٥٨) و دیارکردنی خاوەندارێتی زەوی و زاری کشتوکاڵی.

٢. جەختکردنەوە لەسەر پەرەپێدانی پیشەسازی و گرتنەبەری

ڕێوشوێنی خۆماڵی کردنی پیشەسازی نەوتی لە بەرامبەر کۆمپانیاکانی بێگانە.

٣. فراوانکردنی تۆڕی خزمەتگوزراییە کۆمەڵایەتییەکان.

٤. هەمەجۆرکردنی دەروازە بازرگانییەکان.

٥. دانانی یاسای ژمارە (٨٠ی ساڵی ١٩٦١) بە پێی ئەو یاسایە سەرجەم ئەو زەوییانەی لە لایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە وەبەرهێنانیان تێدا دەکرا، دەگەڕێنرانەوە ژێر هێژموونی دەوڵەت. (سیان، ٢٠١٢، ص٨٥).

٦. لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٣ – ٢٠١١) نەوتی کەرکوک بە جیاوازی قۆناغە سیاسی و ئابوورییەکان و بە گوێرەی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهانی هەڵبەز و دابەزی کردووە لە بەشداری کردنی ئابووری عێراق. بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٧٣) بە ڕێژەی (٦٠.٦٪) بەشداری هەناردەکاری نەوتی عێراقی کردووە، بەشێوەیەک نرخی نەوت لە (٣.٠١ دۆلار) لە ساڵی ناوبراودا بۆ (١١.٦٥ دۆلار) لە ساڵی (١٩٧٤) بەرزبوویەوە، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبونەوەی داهاتی نەوتی عێراقی لەو سەردەمەدا. (سیان، ٢٠١٢، ص ٨٨).

هەروەها، بە پێی تویژینەوەیەک؛ لە نێوان ساڵانی (١٩٣١ - ١٩٩٠) چاڵگە نەوتییەکانی کەرکوک بە زیاتر (٦٣٪)ی کۆی گشتی داهاتە نەوتییەکانی عێراق بەشداری کردووە، ڕێژەکە لە نەوەدەکان بەرزبوویەوە تەنها لە ساڵی (١٩٩٧) بە پتر لە (٦٧.٧٪)ی ڕێژەی گشتی داهاتە نەوتییەکان بەشداری کردووە. (نەقشەبەندی، ١٩٩٨، ٦٠).

## (خشتەی - ١)

## دابەشبوونی جوگرافی کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای کەرکوک و تایبەتمەندیان لەگەڵ بڕی یەدەگیان

| ز | ناوی کێڵگە | ساڵی دۆزینەوە | شوێنی جوگرافی (ئەو شوێنانەی دەیگرێتەوە) | ڕووبەر / کم² | درێژی / کم | پانی / کم | یەدەگی نەوت (ملیار بەرمیل) | ژ/ بیرەکان | ن. قوڵی بیر/ م | ستوونی گومەزەکانی نەوتی/ م | دۆخی کێڵگە | چڕی نەوت (°API) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کەرکوک | 1927 | ڕۆژهەڵاتی کەرکوک تا شارۆچکەی گوێر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. | 450 | 100 | 4 | 10 | 432 | 1457 | 365 - 120 - 60 | بەرهەمهێنراو | °36 |
| 2 | بای حەسەن | 1929 | (٣٧ کم) باکووری ڕۆژئاوای شاری کەرکوک و (١٠ کم) لە کێڵگەی کەرکوک دوورە، وە لە ڕۆژئاوای قەزای دوبزە. | 96 | 32 | 3 | 4.5 | 168 | 1530 | 366 - 915 | بەرهەمهێنراو | °34 |
| 3 | زەنبور | 1954 | باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک بە دووری (٥٤ کم). | 135 | 30 | 4.5 | 3.6 | 56 | 1650 | 300 | بەرهەمهێنراو | °38 |
| 4 | خەباز | 1976 | دووری (١٨ کم) لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکوک لە نێوان بای حەسەن و زەنبورە. | 63 | 18 | 3.5 | 2.9 | 29 | 1430 | 127 | بەرهەمهێنراو | °36.1 |
| 5 | ئینجانە | 1927 | بەشی باشووری قەزای کفری | 32.5 | 13 | 2.5 | 51 ملیۆن بەرمیل | 5 | 3524 | | ئەزموونی | °33 |
| 6 | جەدیدە | 1977 | دووری (٣٥ کم) ڕۆژئاوای کێڵگەی زەنبور لە باشووری ناحیەی داقوقە لە گوندی جەدیدە. | 27.5 | 11 | 2.5 | 351 ملیۆن بەرمیل | 1 | 3614 | 70 | ئەزموونی | °25 |
| 7 | گلابات | 1958 | دووری (١٨کم) بۆ ڕۆژئاوای قەزای کفری و (٢٠ کم) لە ڕۆژئاوای کێڵگەی گومرەوە، (٣ کم) لە باکووری ئینجانەوە. | 120 | 24 | 5 | 286 ملیۆن بەرمیل | 3 | 1968 | 500 | ئەزموونی | °39 |
| 8 | حەمرین | 1961 | دووری (٨٠ کم) لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکوک. | 472.5 | 105 | 4.5 | 1.9 | 41 | 2500 | 325 - 75 - 130 | بەرهەمهێنراو | °30 |
| 9 | گومر | 1979 | باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزای کفری. | 210 | 35 | 6 | 509 ملیۆن بەرمیل | 1 | 3200 | | ئەزموونی | °43 |
| 10 | خانوکە | 1929 | باشووری قەزای حەویجە | - | - | - | - | 2 | 591 | - | ئەزموونی | °32 |
| 11 | خشم الأحمر | 1927 | دەکەوێتە ناحیەی قەرەتەپە لەو سەری باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزای کفری. | - | - | - | 431 ملیۆن بەرمیل | 2 | 1706 | - | ئەزموونی | °39.18 |
| 12 | ئیسماعیل | 1996 | ڕۆژئاوای کێڵگەی بای حەسەن، لەسەر هەمان درێژکراوەی کێڵگەی خەباز و بای حەسەن، هاوتەریبە لەگەڵ کێڵگەی قەرەچوغ. | – | – | – | – | 1 | ٢٨٠٠ | – | ئەزموونی | °32.4 |
| ١٣ | قەرەچوغ | 1960 | دووری (١٠کم) باکووری ڕۆژئاوای بای حەسەن، لەسەر هەمان ئاراستەی بای حەسەن و خەبازە. | - | - | - | ١٣٧ ملیۆن بەرمیل | 2 | 3619 | – | ئەزموونی | °40 |
| کۆی گشتی/ تێکرا | | – | پارێزگای کەرکوک | 1606.5 | 368 | 35.5 | 24,665 | 743 | 2276 | - | - | - |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە؛

١. تارق، (٢٠٠٩)، لا ٤٢ – ٦٨.

٢. صادق، (٢٠١٢)، ص ٧٤ – ٨٠.

٣. فتح الله، (٢٠١٥)، لا ٧٠ – ٧٦.

**٢. کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای نەینەوا:**

هەر سێ کێڵگەی (عەین زالە و بەتمە و سفەییە) بەشێکن لە کێڵگە نەوتاوییەکانی کوردستانی عێراق و دەکەونە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لە چوارچێوەی سنوری ئیدارەی پارێزگای نەینەوادان. وەک لە (خشتەی – ٢) دا ڕوونە؛

أ. بڕی یەدەگی هەر سێ کێڵگەکە دەگاتە (ملیارێک و ٥٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوت)، ئەم ژمارەیەش بەهای خۆی هەیە لە ڕووی دەرخستنی توانستی وزەی ئەم ناوچەیەدا.

ب.کۆی درێژی و پانی ئەم کێڵگانە لەسەر زەویدا دەگاتە (٣٩ کم درێژایی و ٣١٥ کم پانایی).

ت.تێکڕای قووڵایی ئەم کێڵگانە (١٤٤٢م)ە کە ئەمەش بە قووڵاییەکی باش لە قەڵەم دەدرێت بۆ دەرهێنانی نەوتن کۆی ژمارەی ئەو بیرانەی هەڵکەندراوە تا ساڵی (٢٠١٩) یەکسانە بە (٨٨ بیر) کە لە نێویاندا کێڵگەی عەین زالە خاوەنی (١٥ بیری بەرهەمهێراو و ١٤ بیری چاودێری و ناردنی ئاویە (Water Injection) ە، کێڵگەی سفەیەش خاوەنی (١٢)بیری بەرهەمهێنراوە لەگەڵ ٣٠ بیری چاودێری و ناردنی ئاویە (حقن الماء).

کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای نەینەوا لە ڕووی جوگرافییەوە بەشێکی تەواوکەر و دانەبڕاون لەگەڵ سەرجەم کێڵگە نەوتییەکانی کوردستانی عێراق. داهاتی نەوتی ئەم کێڵگانەش وەکو کێڵگەکانی تری ناوچەکە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو خرابووە بەرژەوەندی حکوماتی عێراقی.

**(خشتەی – ٢)**

**دابەشبوونی جوگرافی کێڵگە نەوتیەکانی پارێزگای نەینەوا و تایبەتمەندیان لەگەڵ بڕی یەدەگیان**

| ز | ناوی کێڵگە | سالی دۆزینەوە | شوێنی جوگرافی (ئەو شوێنانەی دەیگرێتەوە) | درێژی / کم | پانی / کم | یەدەگی نەوت (م/ ب) | ژ/ بیرەکان | ن. قوڵی بیر/ م | دۆخی کێڵگە | چڕی نەوت °API |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عەین زالە | 1939 | بە دووری (٨٠ کم) باکووری ڕۆژئاوای شاری موسل، لە سنووری ناحیەی زومارە. | 16 | 4 | ٨٠٠ ملیۆن | 29 | 1755 | بەرهەمهێنراو | 33°- 31° |
| 2 | بەتمە | 1953 | بە دووری (٤٥ کم) لە باکوری موسل، و (١٠ کم) لە باشووری ڕۆژهەلاتی کێڵگەی عەین زالەوە دوورە. | 12 | 6 | ٤٥٠ ملیۆن | 17 | 1170 | بەرهەمهێنراو | 30°- 29° |
| 3 | سفایە | 1974 | باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا، وە (١٢٠ کم) ڕۆژئاوای کێڵگەی عەین زالە، نزیکە لە سنوری سوریا. | 11 | 305 | ٣٠٠ ملیۆن | 42 | 1400 | بەرهەمهێنراو | Heavy Oil °24 |
| کۆی گشتی / تێکڕا | | | پارێزگای نەینەوا | 39 | 315 | 1,550 | 88 | 1,442 | بەرهەمهێنراو | - |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە؛ عبدالله و دعیج، (٢٠٢١)، ص ٢١٣ – ٢١٤.

### ٣. بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای هەولێر؛

هەولێر ئەمڕۆ چ وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان چ وەک ناوەندی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێگەیەکی دیاری ستراتیژی سیاسی و ئابووری هەیە لە باکوری عێراقدا. دۆزینەوەی نەوت و گازیش لە پارێزگاکە بەو ئەندازەی هەیە، پەرەپێدان تێیدا، هەولێری کردۆتە دەروازەیەکی بە یەکگەیشتن و پەیوەندی بازرگانی کۆمپانیاکانی وڵاتانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا. بەستنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیش لەسەر ئەو ماددە هایدرۆکارپۆینە گرنگەی هەیە لە هەولێر، یارمەتی داوە بۆ بەرەو پێشبردنی کەرتی دامەزراوە

پیشەسازییە نەوتی و گازیەکان. (طالب و صادق، ٢٠١٩، لا ٢٢٢).

پارێزگای هەولێر ڕووبەرەکەی (١٥,١٣١ کم٢)یە (کاری توێژەرە پشت بەست بە بەرنامەی – ArcMap 10.8)، بە پێی ئەو دابەشکارییە جوگرافییەی کە بۆ گەڕان و پشکنین و هەڵکەندن و پەرەپێدانی ناوچەکانی کراوە، لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە دابەشکراوە بۆ (١٢ بلۆک) دراوەتە کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان – ڕوانین لە (خشتەی – ٣) و ڕاڤەی خوارەوە؛

أ. کۆی ڕووبەری سەرجەم بلۆکەکانی پارێزگای هەولێر یەکسانە بە (٧٨٠٢ کم٢)، ئەمەش دەکاتە (٥١.٥٦٪)ی پارێزگاکە. گەورەترین ڕووبەری بلۆک ناوچەی هەولێر – دەمیرداغ دەگرێتەوە کە (١,٥٣٢ کم٢)یە، واتە (١٠.١٢٪)ی پارێزگاکە و (١٩.٦٣٪)ی بلۆکەکانی هەولێر، پشکەکانی ئەم بلۆکە دابەشکراوە لە نێوان کۆمپانیاکانی (٦٥٪ Forza Petroleum Ltd) کە پێشتر ناسرابوو بە ( Oryxs Petroleum Corporation Ltd)ی سویسری، (١٥٪ KNOC)ی کۆریای باشوور، و (حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٪). بچوکترین ڕووبەریش بلۆکی (پیرمام)ە، کە (٢١١ کم٢)یە، "سەنتەری ناحیەی پیرمام و سەری ڕەش و سەربەن" دەگرێتەوە، ڕێژەی (١.٣٩٪) پارێزگاکەیە، (٨٠٪)ی دراوتە کۆمپانیای (Exxon Mobile)ی ئەمریکی و (٢٠٪) واتە هی حکومەتی هەرێمە.

ب. بڕی یەدەگی دڵنیایی لە پارێزگای هەولێر لە کۆی (١٢ بلۆک) لە (٥ بلۆک)دا دیارکراوە بە (٨.٧ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ)، یەدەگی پێشبینکراو لە (٣ بلۆک)ی تردا بە (٢.٥ ملیار بەرمیل نەوت) خەملێنراوە، کە بە هەردووکیان دەگاتە (١١.٢ ملیار بەرمیل نەوت)، ئەمەش جگەلە لە بلۆکەکانی (قوشتەپە - شۆرش – پیرمام – سەفین) تا ئیستا نەزانراوە یان ڕانەگەیەندراوە. بلۆکی خورمەڵە کە درێژبووەوەی کێڵگەی کەرکوکە (هەردوو ناوچەی خورمەڵە و ئاڤانای خورمەڵە) دەگرێتەوە،

خاوەنی گەورەترین یەدەگی مسۆگەرە کە (٤.٢ ملیار بەرمیل نەوت)ی تێدایە، هەرچی بلۆکی مەلا ئۆمەریشە کە ڕووبەرەکەی (٢٨٥ کم٢)یە پێشبینی کەمترین یەدەگی لێدەکرێت و بە (٥٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت) مەزەندەکراوە.

ت. بە پێی زانیارییەکانی بەردەست سەرجەم بلۆکە نەوتییەکان بیری نەوتیان تیادا هەڵکەندراوە کە کۆی گشتیان دەگاتە (١٠٦ بیر)، (٦٨ بیر)یان لە کێڵگەی خورمەڵەیە، کە (٤٠ بیری بەرهەمهێنراو)ی تێدایە ئەوانیتر بیری چاودێرین کێڵگەی تەق تەقیش خاوەنی (١٤ بیر)ە (١١ بیریان بەرهەمهێنراوە). تێکڕای قوڵایی بیرە هەڵکەندراوەکان دەگاتە (٣,٤١٣ م).

ث. لەو (١٢) بلۆکە نەوتییەی پارێزگای هەولێر کە گەڕان وپشکنین و هەڵکەندنی بەردەوامی تێدا دەکرێت لە لایەن کۆمپانیا بیانیەکان، لە (٥ بلۆک)دا گەیشتوون بە بەرهەمهێنانی نەوت ئەوانیش بلۆکەکانی (تەق تەق، خورمەڵە، هەولێر – دەمیرداغ، سەرتە، بنەباوێ)یە.

### ٤. بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای دهۆک و ناوچە کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا؛

دهۆک بە یەکێک لە پارێزگا ستراتیژییەکانی کوردستانی عێراق دادەنرێت، تاکە دەروازەی هەرێمە بە ڕووی ڕۆژئاوای کوردستان، بە دەروازەیەکی بە ڕووداکرانەوەی سنووری زۆر گرنگ دادەنرێت بۆ عێراق بە گشتی و کوردستانی عێراق بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا، هەنووکە تورکیا بە یەکێک لە هاوبەشە سەرەکییەکانی هەرێم دادەنرێت لە بواری وزەدا، لەبەرئەوەی تورکیا لە لایەک ڕاستەوخۆ پشتێک بە نەوتی کوردستان دەبەستێت، لە لایەکی تر سوود و قازانجێک دەبینێت لە پێدا ڕەتبوونی نەوتی کوردستان بە خاکەکەیدا، هەر بۆیەشە پارێزگای دهۆک بووەتە وێستگەیەکی پەیوەندی پڕ بەهای هامۆشۆی بازرگانی و ئابووری ناوچەکەمان بە ڕووی تورکیای دراوسێ. (طالب و صادق، ٢٠١٩، لا ٢٢٦).

## (خشتەی – ٣)
## دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتیەکانی پارێزگای هەولێر و تایبەتمەندیان لەگەڵ بڕی یەدەگیان

| ژ | ناوی کەرت Block Name | سالی دۆزینەوە | هەلکەوتەی شوێنی جوگرافی (ئەو شوێنانەی دەیگرێتەوە) | ڕووبەر / کم٢ | یەدەگی نەوت (ملیار بەرمیل) | پشکی کۆمپانیا Share Company | ژ/ بیرەکان | ن. قولی بیر (م) | دۆخی کێلگە | چری نەوت API° |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تەق تەق | 1935 | قەزای کۆیە و ناحیەی تەق تەق دەگرێتەوە کێلگەی تەق تەق دەکەوێتە ناوچەی (شیوە سور) لە ڕۆژئاوای شاری کۆیە بە دووری (١٠ کم). | 951 | 1.5 | TTOPCO (%44 Genel Energy - %36 Addax Petroleum) - % 20 KRG | 14 | 4,550 | بەرهەمهێنراو | °24 / °48 |
| 34 | خورمەڵە | 1935 | باشوری ڕۆژئاوای هەولێر و درێژکراوەی کێلگەی کەرکوکە کە هەردوو ناوچەی خورمەڵە و ئاڵانای خورمەڵە دەگرێتەوە. | 355 | 4.2 | %100 KAR GROUP | 68 | 3,100 | بەرهەمهێنراو | °34 / °28 - °41 |
| 3 | هەولێر – دەمیرداغ | 1960 | شاری هەولێر و دەشتی هەولێر و ڕێگای مەخمور و ناحیەی کەڵەک دەگرێتەوە. | 1532 | 1 | %65 Oryx Petroleum - %15 KNOC - %20 KRG | 6 | - | بەرهەمهێنراو | Heavy Oil: °15 - °23 |
| 4 | سەرتە | 2007 | (٢٨ کم) باکوری شاری هەولێر، ڕۆژئاوای ناحیەی پیرمام و خوارووی قەزای ئاکرێ. | 607 | 1 | %60 Chevron - %15 OMV - %20 KRG - % 5 نادیارە | 2 | - | بەرهەمهێنراو | °32 |
| 5 | ئەربیل | 2005 | تا (١٣ کم ) باکوری ڕۆژئاوای هەولێر و ناوچەی بەستۆرە. | 791 | پێشبینی 1 | %40 DNO - %40 NewAge - %20 KRG | 3 | 4,000 | پەرەپێدان | °32 |
| 6 | قوشتەپە | 2008 | لە قوشتەپەی خوارووی هەولێرەوە دەست پێدەکات تا دوبز و پردێ. | 1180 | - | %80 KNOC - %20 KRG | 1 | - | پەرەپێدان | - |
| 7 | مەلا ئومەر | 2007 | باشووری ڕۆژهەلاتی هەولێر. | 285 | پێشبینی 0.5 | %75 OMV - %20 KRG - %5 نادیارە | 1 | - | پەرەپێدان | - |
| 8 | شۆرش | 2007 | باکووری ڕۆژهەلاتی شاری هەولێر و ناحیەی دیگەلە تا دەربەندی گۆمەسپان دەگرێتەوە. | 526 | - | %75 OMV - %20 KRG - %5 نادیارە | 1 | - | پەرەپێدان | - |
| 9 | هەریر | 2010 | ناحیەی هەریر و باکووری شەقلاوە تا سنوور قەزای سۆران دەگرێتەوە. | 700 | پێشبینی 1 | %45 Marathon Oil - %35 Total - %20 KRG | 2 | - | پەرەپێدان | - |
| 10 | پیرمام | 2011 | سەنتەری ناحیەی پیرمام و سەری ڕەش و سەربەن دەگرێتەوە. | 211 | - | %80 Exxon Mobile - %20 KRG | 1 | - | پەرەپێدان | - |
| 11 | بنەباوی | 2007 | 34)کم (باکووری ڕۆژهەلاتی شاری هەولێر لە دەربەندی گۆمەسپانەوە تا ناوچەی هیران و نازەنین دەگرێتەوە | 240 | 1 | %44 Genel Energy - %36 OMV - % 20 KRG | 6 | 2,000 | بەرهەمهێنراو | °44 - 47 |
| 12 | سەفین | 2010 | لەسەر چیای سەفین تا هیزۆپ دەگرێتەوە. | 424 | - | %35 Total - %45 Marathon Oil - %20 KRG | 1 | - | پەرەپێدان | - |
| کۆی گشتی/ تێکرا | | | پارێزگای هەولێر | 7802 | 11.2 | - | 106 | 3,413 | - | - |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە؛

1. MNR, (2013), p Discoveries and Development.
2. Mackertich and Samarrai, (2015), p 204 – 205.

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠١٣)، لا ٩ – ١٦.
٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠١٣)، لا ٧ – ١٩.
٥. (٥٧) بلۆکی نەوتی کوردستان، (٢٠١٣)، لا ٥٢ – ٥٣.
٦. النقشبندي، (٢٠١٦)، ص ١٢٨- ١٣٢ – ١٥٦ – ١٦٠.
٧. فتح الله – أ، (٢٠١٥)، لا ٩٧ – ١٠٠.

پارێزگای دهۆک ڕووبەرەکەی (١١,٥٠٨ کم٢)یە، ڕووبەری ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەواش (١٠,٩٩٦ کم٢)یە، هەردوو ناوچەکە بەسەر (١٨ بلۆک)دا دابەشکراوە، ڕوانین لە (خشتەی – ٤) و ڕاڤەی خوارەوە؛

أ. کۆی ڕووبەری بلۆکەکانی پارێزگای دهۆک و ناوچە کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا یەکسانە (١١,٣١٢ کم٢) (کاری توێژەرە پشت بەست بە بەرنامەی – ArcMap 10.8)، ئەمەش دەکاتە (٥٠.٢٦٪)ی هەردوو ناوچەکە. گەورەترین بلۆک ناوچەی (سندی – ڕۆژهەڵاتی ئامێدی)یە کە (٢,٣٥٨ کم٢)یە، واتە (٢٠,٨٤٪)ی کۆی بلۆکەکان، پشکەکانی ئەم بلۆکە دابەشکراوە لە نێوان کۆمپانیاکانی (Norbest ٪٣٩,٩٤)ی ڕوسی، (Perenco٪٢٥,٣١)ی فەڕەنسی، (حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٪)، و (١٤,٧٥٪ نادیارە). بچوکترین ڕووبەریش بلۆکی دهۆکە کە (١٦٢ کم٢)یە، "قەزای ناوەندی دهۆک و باشوری شاری دهۆک و قەزای سێمێل" دەگرێتەوە، ڕێژەی (١,٤٣٪) بلۆکەکانە، پشکەکانی؛ (DNO ٪٤٠)ی نەرویجی، (General Energy٪ ٤٠)ی تورکی، و (٢٠ ٪)ی حکومەتی هەرێمە.

ب. بڕی یەدەگی دڵنیایی لە کۆی (١٨ بلۆک) لە (١٠ بلۆک)یان دیارکراوە بە (٢٠.٨ ملیار بەرمیل نەوت). یەدەگی پێشبیکراو لە تەنها بلۆکی "سەرسەنگ بە (٢ ملیار بەرمیل نەوت) خەمڵێنراوە"، هەر دوو ناوچەکە خاوەنی (b. barrels ٢٢.٨)ن. ئەمەش جگەلە لە بلۆکەکانی

(سندی – ڕۆژهەڵاتی ئامێدی/ - ناوەندی دهۆک – سلێڤانی – ئەلقۆش – دینارتە - جەبەل كەند) كە تا ئیستا نەزانراوە یان ڕانەگەیەندراوە. بلۆكی شێخان خاوەنی گەورەترین یەدەگی مسۆگەرە كە (٤ ملیار بەرمیل نەوت)ە، هەرچی بلۆكەكانی (عەین سفنێ و ڕوڤیا)ن هەریەكەیان بە (١ ملیارێک بەرمیل) زانراون.

ج. جگەلە بلۆكەكانی (سلێڤانی و جەبەل كەند) سەرجەم بلۆكەكانی تر بیری نەوتیان تیادا هەڵكەندراوە كە كۆی گشتیان دەگاتە (٧٣ بیر)، لە كێڵگەی تاوكێ تا ئێستا (٢٥ بیر) هەڵكەنراون و زۆربەشیان بەرهەمهێنراون، هەندێكیشیان بیرێكیان تێدا لێدراوە. تێكڕای قوڵایی بیرە هەڵكەندراوەكان دەگاتە (٣,١٤٢ م).

لەو (١٨) بلۆكە نەوتییەی پارێزگای دهۆک و ناوچە كوردیەكانی پارێزگای نەینەوا كە پەرەپێدانی بەردەوامی تێدا دەكرێت لە لایەن كۆمپانیا بیانیەكان، لە (٤ بلۆک)یان گەیشتوون بە بەرهەمهێنانی نەوت ئەوانیش بلۆكەكانی (تاوكێ، سەرسەنگ، ئەتروش – شێخان)ە.

## (خشتەی - ٤)

## دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای دهۆک و ناوچە کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا، تایبەتمەندیان لەگەڵ بڕی یەدەگیان

| ز | ناوی بلۆک | سالی دۆزینەوە | شوێنی جوگرافی ئەو شوێنانەی دەیگرێتەوە | ڕووبەر / کم٢ | یەدەگی نەوت (ملیار بەرمیل) | پشکی کۆمپانیا Share Company | ژ/ بیرەکان | ن. قوڵی بیر/ م | دۆخی کێڵگە | چڕی نەوت API° |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سندی - ڕۆژهەڵاتی ئامێدی | 2011 | قەزای ئامێدی و دەشتی سندی و باکووری قەزای زاخۆ دەگرێتەوە. | 2,358 | - | %39.94 Norbest - %25.31 Perenco - %20 KRG - %14.75 نادیارە | 2 | | پەرەپێدان | – |
| 2 | ئاوکێ | 2006 | قەزای زاخۆ بە گشتی ڕۆژهەڵاتەکەی دەگرێتەوە. | 594 | 1.9 | %55 DNO - %25 General Energy - %20 KRG | 25 | 2,500 | بەرهەمهێنراو | °26- °24/ °32 /°27 |
| ٣ | دهۆک | 2008 | قەزای ئاوەندی دهۆک و باشووری شاری دهۆک و قەزای سێمێل دەگرێتەوە. | 162 | 2.2 | %40 DNO - %40 General Energy - %20 KRG | 2 | | پەرەپێدان | °24 / °14 |
| 4 | ئاوەندی دهۆک | 2011 | باکووری شاری دهۆک و ناوەراستی پارێزگایەکە دەگرێتەوە. | 619 | - | %30 PetroQuest Energy - %50 Murphy Central Dohuk Oil Co - %20 KRG | 1 | | پەرەپێدان | – |
| 5 | سلێڤانی | | خوارووی قەزای زاخۆ تا سەر دەریاچەی موسل دەگرێتەوە. | 700 | - | %80 PetroQuest Energy - %20 KRG | – | | پەرەپێدان | – |
| 6 | ئەلقوش | 2011 | دەکەوێتە خوارووی شاری دهۆک | 306 | - | %80 ExxonMobil - %20 KRG | 1 | | پەرەپێدان | – |
| ٧ | شێخ ئادی | 2009 | دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک، و باکووری شێخان دەگرێتەوە. | 180 | 1.9 | %80 Gulf Keystone - %20 KRG | 2 | 2,950 | پەرەپێدان | Heavy OIL/ °19 - °16 |
| 8 | سەرسەنگ | 2010 | (٢٠ کم) دوورە لە شاری دهۆک، ناحیەی سەرسەنگ و سوارەتوکە و باکووری ڕۆژهەڵاتی دهۆک دەگرێتەوە. | 1,085 | پێشبینی 2 | %56.25 HKN Energy Ltd - %18.75 Marathon Oil - %20 KRG - %5 نادیارە | 2 | 3,400 | بەرهەمهێنراو | °37 |
| 9 | ئەتروش | 2011 | ناحیەی ئەتروش لە پارێزگای دهۆک دەگرێتەوە. | 269 | 3 | %64 Exploration Partners International Ltd (ShaMaran Petroleum, Aspect Energy) - %16 Marathon Oil - %20 KRG | 11 | 2,550 | بەرهەمهێنراو | °22 - 27 |
| 10 | شێخان | 2009 | قەزای شێخان دەگرێتەوە. | 283 | 4 | %51 Gulf Keystone - %13.6 MOL - %3.4 Texas Keystone Inc - %20 KRG - %12 نادیارە | 9 | 2,400 | بەرهەمهێنراو | Heavy / bituminous Oil / °14 – 20 / °27 |
| 11 | دینارتە | 2011 | ناوچەی مێرگەسۆر و بارزان و سەرووی ئاکرێ و شێلادزێ دەگرێتەوە. | 1,319 | - | %64 HESS GROUP - %16 Petroceltic International - %20 KRG | 1 | | پەرەپێدان | – |
| 12 | ڕوڤیا | 2010 | (٦٥ کم) باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک، سەرووی قەزای بەردەرەش و خوارووی ئاکرێ دەگرێتەوە. | 517 | 1 | %60 chevron - %15 OMV - %25 KRG | 2 | 4,000 | پەرەپێدان | 23 |
| 13 | ئاکرێ - بجیل | 2009 | (87 کم) باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک، قەزای ئاکرێ و ناحیەی بجیل تا دەربەندی بێخمە دەگرێتەوە. | 889 | 2.4 | %51.2 MOL - %12.8 Gulf Keystone -%20 KRG - %16 نادیارە | 6 | 4,300 | پەرەپێدان | 14 - 23 |
| 14 | بەردەڕەش | 2009 | قەزای بەردەڕەش دەگرێتەوە. | 265 | 1.5 | %60 Afren - %20 Comet Group - %20 KRG | 3 | 1,600 | پەرەپێدان | Heavy Oil / (28 - 30) + 38 – 40 |
| 15 | عەین سفنی | | ناوچەی عەین سفنی لە ڕۆژهەڵاتی موسل دەگرێتەوە. | 840 | 1 | %60 Hunt Oil Middle East - %20 Afren - %20 KRG | 4 | | پەرەپێدان | 14 - 21/ 36-39 |
| 16 | باشیک (بەعشیقە) | 2011 | شاروچکەی باشیک لە قەزای موسل دەگرێتەوە. | 318 | 0 | %80 ExxonMobil - %20 KRG | 1 | | پەرەپێدان | – |
| 17 | بیر بەهر | 2013 | باکووری شاری دهۆک دەگرێتەوە. | 208 | 1.9 | %40 General Energy - %40 Gulf Keystone - %20 KRG | 1 | 3,933 | پەرەپێدان | Heavy Oil: 12 - 15 |
| 18 | جەبەل کەند | 1981 | باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسل دەگرێتەوە. | 400 | - | تا ئێستا نەدراوەتە هیچ کۆمپانیایەک دەنگۆی ئەوە هەیە گفتوگۆ لەگەڵ (Petroleum British) کرابێت بۆ ئەنجامدانی گرێبەست. | – | – | پەرەپێدان | – |
| کۆی گشتی / تێکڕا | | | پارێزگای دهۆک و ناوچە کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا | 11,312 | 22.8 | – | 73 | 3,142 | – | – |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە؛ سەرچاوەکانی (خشتەی - ٣).

**٥. بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە؛**

سلێمانی وەکو پارێزگا شوێنێکی جوگرافی ستراتیژی هەیە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق، بە هێڵێکی پەیوەندی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت لەگەڵ ئێراندا، درێژایی سنوورە جیاکەرەوەکەی نێوانیان (٥٠٢ کم)، خاوەنی چەندان دەروازە و خاڵێکی سنووری گرنگی مامەڵە و هاموشۆی بازرگانی نێوان هەردوولایە کە مامەڵەکردن و گواستنەوەی سوتەمەنی بەشێکە لەو بازرگانیەی دەکرێت لە نێوان هەرێم و ئێراندا لە ڕێگەی سنووری پارێزگای سلێمانییەوە.

پارێزگای سلێمانی ڕووبەرەکەی (٢٠٢٤٥ کم٢)یە (کاری توێژەرە پشت بەست بە بەرنامەی – ArcMap 10.8)، دابەشکراوە بەسەر (١٢ بلۆک)ی نەوتی و گازی، کە لە ئێستادا کۆمپانیا جیهانیەکان کاری گەڕان و پشکنین و بەدواداچوونی بۆ دەکەن. ڕوانین لە (خشتەی – ٥) و ڕاڤەی خوارەوە؛

١. کۆی ڕووبەری بلۆکەکانی پارێزگای سلێمانی یەکسانە بە (١١,٣٢٥ کم٢)، ئەمەش دەکاتە (٥٥.٩٤٪)ی پارێزگاکە. گەورەترینیان بلۆکی ڕۆژهەڵاتی عەربەتە (٢,١٠٢ کم٢)یە، ڕێژەی (١٨.٥٦٪)ی کۆی بلۆکەکانە، پشکەکانی ئەم بلۆکە دابەشکراوە لە نێوان کۆمپانیای (٨٠٪ ExxonMobile)ی ئەمریکی، و (٢٠٪ KRG). بچوکترین ڕووبەریش بلۆکی شەکرۆکە (٤١٨ کم٢)یە، "لە ناحیەی خدرانی دوکانەوە دەست پێ دەکات تا نزیک شەقڵاوە" دەگرێتەوە، ڕێژەی (٣.٦٩٪)ی بلۆکەکانە، پشکەکانی؛ (٤٠٪ Hess)ی ئەمریکی، (١٦٪ Petroceltic International)ی بەریتانی، و (٢٠٪ KRG)ی حکومەتی هەرێمە.

٢. بڕی یەدەگی دڵنیایی لە کۆی هەر (١٢ بلۆک)ەکە دیارکراوە بە (١٦,٦٤٦ ملیار بەرمیل نەوت). ئەم یەدەگە گەورەیەش بلۆکەکانی

(بەرانان – ڕۆژهەڵاتی عەربەت – پیرەمەگرون – قەڵادزێ – بێتواتە – شەکرۆک) ناگرێتەوە، لەبەرئەوەی هێشتان ئاستی یەدەگی ئەمانە نەزانراوە یان ڕانەگەیەنراوە. بلۆکی میران خاوەنی گەورەترین یەدەگی مسۆگەرە کە (٦,٤٤٥ ملیار بەرمیل نەوت)ە، هەرچی بلۆکی هەڵەبجەیە خاوەنی (٧٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت)ە.

٣. کۆی ئەو بیرە نەوتییانەی لە (٥ بلۆک)ی پارێزگای سلێمانی هەڵکەندراوە گەیشتۆتە (٩ بیر) لەوانە؛ (بازیان ٢ – میران ٤ – هەر یەکە لە پیرمەگرون و قەڵادزێ و شەکرۆک هەریەکە و (١ بیر)یان تێدا هەڵکەندراوە. تێکڕای ناوەندی قوڵایی ئەو بیرانە گەیشتۆتە (٤,٠٣٦ م).

٤. لەو (١٢) بلۆکە نەوتیەی پارێزگای سلێمانی، کە گەڕان و پشکنینی تێدا کراوە لە لایەن کۆمپانیا بیانیەکان لە تەنها (٢ بلۆک)یان گەیشتوون بە بەرهەمهێنانی نەوت ئەوانیش بلۆکەکانی (بازیان – میران)ە.

**(خشتەی – ٥)**

**دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکانی پارێزگای سلێمانی**

| ز | ناوی بلۆک | ساڵی دۆزینەوە | شوێنی جوگرافی ئەو شوێنانەی دەگرێتەوە | ڕووبەر / کم٢ | یەدەگی نەوت (ملیار بەرمیل) | پشکی کۆمپانیا Share Company | ژ/ بیرەکان | قوڵی بیر | دۆخی کێڵگە | چڕی نەوت °API |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قەرەداغ | 2010 | بە دووری (٣٥ کم) باشووری شاری سلێمانی، ناوچەی قەرەداغ و خۆرهەڵاتی چیای سەگرمەو ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەربەندیخان. | 846 | 4,896 | %37 Niko Resources Ltd - %27 Vast Exploration - %6 Groundstar Resources - نادیارە %10 - %20 KRG | - | 3908 | پەرەپێدان | °46 - °43 |
| 2 | بازیان | 2007 | (٤٢ کم) باکوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، چیای سەگرمەو ڕۆژئاوای حەوزی بازیان و شارۆچکەی تەکی و بەشێک لە ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵ دەگرێتەوە. | 473 | 1,178 | %80 KNOC - Bazian - %20 KRG | 2 | 4000 | بەرهەمهێنراو | °31 |
| 3 | بەرانان | 2012 | باشوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی و چیای بەرانان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەریاچەی دەربەندیخان | 722 | - | %60 Talisman Energy - "20 Murphy Oil - %20 KRG | - | | پەرەپێدان | - |
| 4 | میران | 2009 | (٢٤ کم) باکوری ڕۆژئاوای سلێمانی – لە تاسلوجەوە دەست پێدەکات، ڕۆژئاوای ڕێگای دوکان – سلێمانی و بەشێک لە ناحیەی ئاغجەلەر و شارۆچکەی بازیان و سەیرانگای چەمی ڕێزان دەگرێتەوە. | 1,015 | 6,445 | %56.25 Heritage Oil - %18.75 General Energy - نادیارە %5 - %20 KRG | 4 | 4200 | بەرهەمهێنراو | °24 |
| 5 | عەربەت | 2013 | شاری سلێمانی و شاخی گویژەو ئەزمر و ناحیەی عەربەت تا هەڵەبجەی تازە دەگرێتەوە. | 974 | 1,177 | %60 ShaMaran Petroleum - نادیارە %20 - %20 KRG | - | - | پەرەپێدان | - |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | ڕۆژهەڵاتی عەربەت | 2011 | ناوچەی سیوەیل و بەرزنجە و بەشێک لە شارەزوور تا ناحیەی ئاڵپاریز لە قەزای پێنجوێن دەگرێتەوە. | 2,102 | - | %80 ExxonMobile - %20 KRG | - | - | پەرەپێدان | - |
| 7 | خەلەکان | 2010 | شارۆچکەی خەلەکان و چیای هەیبەت سوڵتان و بەشێک لە دەشتی کۆیە تا سەر زێی بچوک دەگرێتەوە. | 624 | 2,450 | Range Oil %20 - Dogan Enerji %40 -NewAge %20 | - | - | پەرەپێدان | - |
| 8 | پیرەمەگرون | 2011 | ڕۆژهەڵاتی ڕێگای دوکان – سلێمانی و بناری چیای پیرەمەگروون تا دەگاتە شارۆچکەی دوکان. | 680 | - | %80 Repsol - %20 KRG | 1 | - | پەرەپێدان | - |
| 9 | قەڵادزێ | 2011 | قەزای پشدەر (قەڵادزێ) وبەری مەرگە و دەریاچەی دوکان و ڕانیە دەگرێتەوە. | 1,882 | - | %80 Repsol - %20 KRG | 1 | - | پەرەپێدان | - |
| 10 | بێتواتە | 2011 | لە شارۆچکەی حاجیاوارە دەستپێدەکات و تا دەگاتە شارۆچکەی بێتواتە و بالیسان و ناوچەی خۆشناوەتی. | 589 | - | %80 ExxonMobil - %20 KRG | - | - | پەرەپێدان | - |
| 11 | شەکرۆک | 2011 | لە ناحیەی خدرانی دوکانەوە دەست پێدەکات تا نزیک شەقڵاوە. | 418 | - | %64 Hess - %16 Petroceltic International - %20 KRG | 1 | - | پەرەپێدان | - |
| 12 | هەڵەبجە | 2013 | سنووری قەزای هەڵەبجەی شەهید دەگرێتەوە، ناحیەکانی خورماڵ و سیروان و بیارەو گلێجاڵ و ناوەندی قەزای هەڵەبجە و بەشێکی سەید سادق دەگرێتەوە | 1,000 | 700 ملیۆن | %80 Gazprom Neft - %20 KRG | - | - | پەرەپێدان | - |
| کۆی گشتی/ تێکرا | | | پارێزگای سلێمانی | 11,325 | 16,846 | – | 9 | 4,036 | - | - |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە؛ سەرچاوەکانی (خشتەی – ٣).

## ٦. بلۆکە نەوتییەکانی ئیدارەی گەرمیان؛

گەرمیان ئەو ناوچە گرنگەی کوردستان، دەکەوێتە باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق، قەزاکانی (کەلار – کفری – چەمچەماڵ – خانەقین) دەگرێتەوە. شوێنە جوگرافییە ستراتیژییەکەی بە هێڵێکی بەستنەوەی پەیوەندی نێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران دادەنرێت، لە ناوەخۆی عێراقدا پارێزگاکانی هەرێم دەبەستێتەوە بە پارێزگاکانی سەلاحەددین و دیالە و واسیت. ناوچە نەوتاوییەکانی وا بۆ سەدەیەک دەچێت بە بڕبڕەی پشتی ئابووری عێراق دادەنرێت. بەشێکی زۆری ناوچەکانی دەکەوێتە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠)[1] ی

١ ماددەی (١٤٠) ؛ ماددەیەکی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵە – (٢٠٠٥)، پەیوەست بە ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی، کە لە دوو بڕگە پێکدێت، یەکەمیان؛ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی ماددەی (٥٨)ە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە. دووەمیان؛ دەسەڵاتی

دەستورەوە. لە ڕووی وزەوە بە دەوڵەمەنترین ناوچە دادەنرێت لەسەر ئاستی عێراق بە گشتی، هەر لەبەرئەوەیە بووەتە گۆڕەپانێکی مەزنی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە بواری وزەدا. (طالب و صادق، ٢٠١٩، لا ٢٢٩). سنوری ئیدارەی ئەم ناوچەیە، دابەشکراوە بەسەر (١٢ بلۆکی نەوتی) و (٢ بلۆکی گازی سروشتی). ڕوانین لە (خشتەی – ٦) و راڤەی خوارەوە؛

١. کۆی ڕووبەری بلۆکەکانی ئیدارەی گەرمیان یەکسانە بە (٨,٤٧٤ کم٢)، بلۆکی گەرمیان (کەلار – باوەنور) بە گەورەترینیان دادەنرێت لە ڕووی ڕووبەرەوە کە (١,٧٨٠ کم٢)یە، واتە (٢١٪)ی کۆی ڕێژەی بلۆکەکان پێکدەهێنێت، پشکەکانی دابەشکراوە (٤٠٪ Gazprom Neft)ی ڕوسی، (٤٠٪ Western Zagros)ی کەنەدی، و (٢٠٪ KRG). هەرچی بلۆکی (شاکەل ٢)ە بە بچوکترینیان دادەنرێت کە تەنها (٢٠٠ کم٢)یە، "بلۆکێکی جیاکراوەیە لە بلۆکی شاکەل و دەکەوێتە خوارووی شاری کەلارەوە"، (٢.٣٦٪) کۆی ڕێژەی بلۆکەکانی ئەو ناوچەیە پێکدەهێنێت.

٢. کۆی یەدەگی نەوت لە ناوچەی گەرمیان (جگەلە کەرکوک) دەگاتە (٤٤,٧٦٩ ملیار بەرمیل نەوت)، یەدەگی دڵنیایی لەم ناوچەیەدا خۆی لە (٢٩,٧٦٩ ملیار ب/ ن) دەدات، یەدەگی پێشبیکراویش (١٥ ملیار ب/ن) مەزەندەکراوە لە بلۆکەکانی (باشوری سەنگاو ٢ – تازە ٣ – قەرەهەنجیر ١٠ ملیار ب/ ن). گەورەترین بڕی یەدەگی مسۆگەریش دەکەوێتە ناوچەی باکووری سەنگاو (٦,١٦٣ ملیار ب/ ن)، واتە ڕێژەی (١٣.٧٦٪)ی کۆی یەدەگی دڵنیایی و پێشبیکراو لەخۆوە دەگرێت،

=

جێبەجێکردن هەڵدەستێت بە هێنانەدی تەواوەتی جێبەجێکاریەکانی (ئاسایی کردنەوەی ئەو ناوچانە، سەرژمێریکردن، ڕاپرسیکردن لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تر بۆ دیارکردنی خواستی دانیشتوانەکەی) لە وادەیەک کە تێنەپەڕێت لە (٣١/١٢/ ٢٠٠٧). (دستور جمهورية العراق، ٢٠٠٥، المادة: ١٤٠).

دراوەتە کۆمپانیاکانی (٤٠٪ Sterling Energy)ی ئەمریکی، (٢٠٪ Addax Petroleum)ی سویسری، (٢٠٪ KNOC)ی کۆریای باشور، و (٢٠٪ KRG). بچوکترین بڕی یەدەگیش دەکەوێتە بلۆکی (شاکەل ٢)، کە ڕێژەی (٠.٤٤٪) کۆی یەدەگەکە پێک دەهێنێت، ئەم بلۆکە تا ئێستا نەدراوەتە هیچ کۆمپانیایەک، حکومەتی هەرێم دەیەوێت بیدات بە هەریەکە لە کۆمپانیاکانی (Royal Dutch Petroleum company)ی هۆڵەندی و بەریتانی و (ConocoPhillips)ی ئەمریکی.

٣. لە (١٠ بلۆک)ی ئەم ناوچەیە بیری هەڵکەندراو هەیە کە ژمارەیان دەگات (٣٧ بیر) جگەلە بلۆکەکانی (قەرەهەنجیر و شاکەل ٢) نەبێت، ناوچەی چیا سورخ (٩ بیر) تێیدا هەڵکەندراوە، لە دوای ئەو پوڵخانە (٨ بیر)، بەم شێوەیە لە ئەوانیتر کەمترە وەک لە خشتەکەدا دیارە، تێکڕای ناوەندی قوڵایی بیرەکانی ناوچەی گەرمیان گەیشتۆتە (٣,٢٠٤ مەتر).

٤. لەو (١٢) بلۆکە نەوتیەی ناوچەی گەرمیان، لە قەزاکانی (کەلار، چەمچەماڵ، کفری) کە گەڕان و پشکنینی بەردەوامی تێدا دەکرێت لە لایەن کۆمپانیا بیانیەکان (+ خانەقین کە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەوە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە) لە (٤ بلۆک)یان گەیشتوون بە بەرهەمهێنانی نەوت ئەوانیش بلۆکەکانی (کێوە چەرمەڵە – تۆپخانە – کوردە میر – گەرمیان).

## (خشتەی – ٦)

## دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان

| ز | ناوی کێلگە | سالی دۆزینەوە | شوێنی جوگرافی ئەو شوێنانەی دەیگرێتەوە | ڕووبەر / کم٢ | یەدەگی نەوت (ملیار بەرمیل) | پشکی کۆمپانیا Share Company | ژ/ بیرەکان | ن. قولی بیر/ م | دۆخی کێلگە | چڕی نەوت °API |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کێوە چەرمەلە | 2008 | ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەمال | 746 | 1,041 | %36 TTOPCO - %44 General Energy - %20 KRG | 1 | - | بەرهەمهێنراو | – |
| 2 | باکوری سەنگاو | 2011 | باکوری ناحیەی سەنگاو لە قەزای چەمچەمال | 492 | 6,163 | %40 Sterling Energy - %20 Addax Petroleum - %20 KNOC - %20 KRG | 2 | - | پەرەپێدان | – |
| 3 | تۆپخانە | 2011 | دەکەوێتە باکووری قەزای خورماتوو و باشووری ناحیەی قادر کەرەم، ڕۆژهەلاتی ناحیەی قادر کەرەم و ناوچەی جەباری دەگرێتەوە | 670 | 4 | %60 Talisman Energy - %20 KRG - %20 نادیارە | 2 | - | بەرهەمهێنراو | °30 - °40 |
| 4 | باشوری سەنگاو | 2008 | سەنتەری ناحیەی سەنگاو و دەوروبەری دەگرێتەوە | 354 | پێشبینی 2 | %60 KNOC - %20 KRG - %20 نادیارە | 1 | - | پەرەپێدان | – |
| 5 | تازە | 201١ | بەشێک لە سنووری ناحیەی نەوجول و ڕۆژئاوای ناحیەی قادر کەرەم دەگرێتەوە | 511 | پێشبینی 3 | %60 Oil Search - %20 Total - %20 KRG | 2 | - | پەرەپێدان | °36 |
| 6 | قەرەهەنجیرە | 2011 | دەکەوێتە نێوان چەمچەمال و کەرکوکەوە، ناوچەی شوان و ناحیەی قەرەهەنجیرو ناحیەی تەکیەی جەباری دەگرێتەوە و تەنها کەمتر لە (١٠ کم) لە کەرکوکەوە دوورە | 1,235 | پێشبینی 10 | %80 ExxonMobil - %20 KRG | - | - | پەرەپێدان | – |
| 7 | شاکەل ١ | 1979 | خوارووی قەزای کەلار و ناحیەی رزگاری و قەزای کفری دەگرێتەوە، هاوسنورە لەگەل کێلگەی قەمەر. | 632 | 2 | %80 Gazprom - %20 KRG | 1 | - | پەرەپێدان | °35 |
| 8 | پولخانە | 1927 | قەزای دوزخورماتوو، ناحیەی جەبارەو ڕۆژهەلاتی ئەو قەزایە دەگرێتەوە | 529 | 1,580 | %60 ShaMaran Petroleum - %20 Petoil - %20 KRG | 8 | 2,896 | پەرەپێدان | 28 - 34 |
| 9 | کوردە میر | 2010 | خوارووی ناحیەی سەنگاو و باکوری قەزای کەلار دەگرێتەوە تا سەر رووباری سیروان | 340 | 5.129 | %40 Western Zagros - %40 Talisman Energy - %20 KRG | 6 | 4,077 | بەرهەمهێنراو | 38-47 |
| 10 | گەرمیان (بلۆکی کەلار - باوەنور) | 2011 | باکوری قەزای کەلار و ناحیەکانی باوەنور و سەرقەلا و شێخ تەویل دەگرێتەوە | 1,780 | 4 | %40 Gazprom Neft - %40 Western Zagros - %20 KRG | 5 | 4,150 | بەرهەمهێنراو | 40 - 44 |
| 11 | چیا سورخ | 1901 | ڕۆژهەلاتی رووباری سیروان و ناحیەکانی قورەتوو مەیدان لە قەزای خانەقین دەگرێتەوە تا سنوری ئێران | 985 | 5,656 | %60 General Energy - %20 Petoil - %20 نادیارە | 9 | 1,696 | پەرەپێدان | 38 |
| 12 | شاکەل ٢ | - | بلۆکێکی جیاکراوەیە لە بلۆکی شاکەل، دەکەوێتە خوارووی شاری کەلارەوە | 200 | 200 | حکومەتی هەرێم دەیەوێت بیدات بە یەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی ( Royal Dutch Petroleum company) و (ConocoPhillips) | - | - | پەرەپێدان | - |
| کۆی گشتی/ تێکرا | | | سنووری ئیدارەی گەرمیان | 8,474 | 44,769 | – | 37 | 3,204 | – | - |


سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە؛ سەرچاوەکانی (خشتەی – ٣). (بلۆکەکانی چەمچەماڵ و کۆرمۆر لە بلۆکە گازیەکانن).

تێبینی/ ١. بۆ ئاماژەدان بە ڕووبەری کێڵگە و بلۆکە نەوتیەکانی ناوچەی توێژینەوە کە لە خشتەکانی پێشوودا خراونەتەڕوو، بە پێویست دەزانرێت لە شێوەی چەند گرافێکدا نیشان بدرێن بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە، کە لە تێنووسی دواتر پێشاندراون. ٢. سەیرکردنی (نەخشەی – ٢) پەیوەست بە دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان.


**شێوەی گرافەکان پەیوەست بە؛**

**ناوی کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ ڕووبەریان/ (کم٢)**

١. پارێزگای کەرکوک





٢. پارێزگای هەولێر





٣. پارێزگای سلێمانی




٤. ئیدارەی گەرمیان




٥. پارێزگای دهۆک




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە (خشتەکانی ١ تا ٦)

**(نەخشەی – ٢)**

**نەخشەی دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان**




کاری توێژەران بە پشت بەستن بە؛

Source; Machetrich and Samarri, (2015), 192

## دووەم/ دابەشبوونی جوگرافی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت

### Geographical distribution of oil Production and Export

یەکەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت لە دوای ڕاپەڕینەوە لە هەرێمی کوردستاندا بە کێڵگەی (تەق تەق)ی قەزای کۆیە دەستی پێکرد لە ساڵی (١٩٩٤)، بۆ ئەو کاتە کارێکی زۆر گەورە و گرنگ بوو توانی تاڕادەیەک پێداویستی ناوەخۆ دابین بکات و کاریگەرییەکانی ئابڵوقەی سوتەمەنی لەسەر هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە. ئەم پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتە (لە ڕێگەی تانکەری نەوتی – سیارات الحوضیة) بەردەوام بوو تا لە (١٧/ ٧/ ٢٠٠٢) بە فەرمی بازرگانی پێوەکرا، لە لایەن کۆمپانیای (TTOPCO) (مەلا هەمزە، ٢٠١٧، لا ٣٤ – ٣٥). هەرچەندە گواستنەوەو هەناردەکردنی نەوت بۆ ناوەخۆ و بۆ دەرەوە بە (تانکەر) درێژەی پێدرا تا کۆتایی ساڵی (٢٠١٣)، بەو پێیەش هەرێمی کوردستان لە توانایدا بوو ڕۆژانە (٥٠ هەزار بەرمیل نەوت) هەناردەی وڵاتانی دراوسێ لەوانە (تورکیا) بکات.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراقیش لە ساڵی (٢٠٠٣) هەلومەرجێکی نوێی سیاسی و ئابووری بۆ نەوتی کورستان لە عێراق هاتە ئاراوە، توانرا لەبەر ڕۆشنایی دەستوری هەمیشەیی عێڕاق لە ساڵی (٢٠٠٥)، وە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراوەدا هاتووە، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی (ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان – عێراق) کردوویەتی لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٨) لە (٨/٦/ ٢٠٠٧) بڕیاردرا بە دەرکردنی (یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان – عێراق). (هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧).

توانرا پرۆسەی بەرهەمهێنان و دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی بچێتە قۆناغێکی نوێیەوە.

هەرچەندە پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە پارێزگای کەرکوک لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) لە ڕێگەی هێڵی گواستنەوەی نەوتی (Kirkuk – Ceyhan Oil Pipeline) (ITP) بە توانای (٥٠٠ هەزار – ١,١٠٠ ملیۆن/ ڕۆژانە) بەردەوام بوو، بەڵام بەهۆی کردەوەی هێرشە تیرۆریستیە یەک لەدوای یەکەکان بۆ سەر هێڵەکە و چەند بارەبوونەوەی تەقاندنەوەی (مانگی کانونی یەکەمی/ ٢٠٠٨، ٢٠١٠، ئابی/ ٢٠١٥) و کونکردن و لێچوونی نەوت (Oil Spill) بووە هۆی وەستاندنی هەناردەکردن و چاککردنەوەی چەند جارەی لوولەکە. (سیان، ٢٠١٨، ٢٢٠).

جێی ئاماژەیە پرۆسەی فرۆشتن و گواستنەوە (ئاوی – وشکانی) و بە بازاڕکردن و هەناردەکردنی نەوت قۆناغی دووەمی پیشەسازی نەوتە دوای بەرهەمهێنانی بە ڕێگەیەک بتوانرێت بگەیەنرێتە دەستی کڕیاران و بەکاربەرانی، لەم نێوەندەدا پێگەی جوگرافیش زۆرجار (کار ئاسانی یان ئاستەنگ) دروست دەکات بۆ ئەو گواستنەوەیە. هەڵبەت داخراوی پێگەی جوگرافی کوردستانی عێراقیش لەو بارەیەوە ئاستەنگی گەورەی دروستکردووە بۆ ئەو پرۆسەیە، بۆیە بە ناچاری ناوچەکە دەبێت هەماهەنگ بێت لەگەڵ یەکێک لە دراوسێکانی، بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە وڵاتی تورکیا بەستراوە بۆ گەیاندنی بەرهەمی نەوتی کوردستان بە بازاڕەکانی ئەوروپا.

کەواتە لە دیدگاکانی؛

- بوونی یەدەگێکی زەبەلاحی نەوت و گازی سروشتی و پێویستی دۆزینەوەی بە بازاڕکردینان.

- بوونی هێڵێکی لوولەی سەربەخۆی کوردستانی عێراق جیا لەو

هێڵە دوانەییەی هەناردەکردنی (کەرکوک – جەیهان).
– دەستکەوتنی داهاتی فرۆشی نەوت و بەرزکردنەوەی پێگەی ئابووری هەرێمی کوردستان.

هەر بۆیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) لە ساڵی (٢٠١٠) پلانی دامەزراندنی لوولەی نەوت و گازی سروشتی دارشت بۆ گەیشتنی نەوتی کوردستانی عێراق بە سنوری وڵاتی تورکیا. ئەوەبوو لە لایەن (Stakeholders واتە لایەنەکانی جێبەجێکار) تیمەکانی ئەندازیاری و دروستکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان (لە نێویاندا کۆمپانیای خزمەتگوزاری نەوت و گازی کار) و کۆمپانیاکانی تورکی دەست بە دروستکردنی (لوولە نەوتی خورمەڵە – فیشخابور ٢٨١ کم) کرا، کە لە (مانگی ٣/ ٢٠١٢) دەست بە دروستکردنی کرا و لە (مانگی ٤/ ٢٠١٣) کۆتایی پێ هێنرا، بە گوژمەی (٢٠٠ ملیۆن دۆلار)، بە توانای هەناردەکردنی (١ Million bopd)، لوولەکە لە خورمەڵەوە بۆ زێی گەورە (٤٢ کم) درێژە، تیرەکەی (٦٠.٩٦ cm)ە، پاشان تیرەکە لەوێوە تا دەگاتە سێمێل لە دهۆک کە (١٤٢ کم)ە زیاد دەبێت بۆ (٩١.٤٤ cm)، بەردەوام دەبێت تا دەگات بە تورکیا (MNR, 2013, P 129). ئەم هێڵە کە لە ئێستادا لە ناوەخۆدا ناسراوە بە هێڵی (تەق تەق – خورمەڵە – فیشخابور)، {بە نێو بلۆکەکانی (هەولێر، بەردەرەش، عەین سفنێ، جەبەل کەند، ئەڵقوش، دهۆک، و سلێڤانێ)دا تێدەپەرێت}، لە (تەق تەقەوە بۆ خورمەڵە ٨١ کم) بەستراوەتەوە بە پاڵاوگەی هەولێر و هێڵی لوولەکانی هەناردەکردنەوە، کۆمپانیای ( Genel Energy) توانی بەم هۆیەوە بەرهەمی نەوتی کێڵگەی تەق تەق لە (٢٠١١ – ٥٠ هەزار ب/ ر) بۆ (٢٠١٤ – ٨٠ هەزار ب/ ر) بەرزبکاتەوە. پاشان هێڵەکە لە پارێزگای دهۆک بەستراوەتەوە بە کێڵگەی تاوکێ تا دەگاتە فیشخابور و بەستراوەتەوە بە هێڵی کۆنی ناسراو بە (کەرکوک –

جەیهان)، نەوت هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات (یاسین و آخرون، ٢٠١٩، ص ٣٩٤ – ٣٩٥).

شایانی باسە، ئەم هەنگاوە ناڕەزایەتی حکومەتی ناوەندی بەغدای لێکەوتەوە، داوای کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەناردەکاری نەوتی خۆی لە چوارچێوەی سیستەمی ناوەندی عێراقی لە ڕێگەی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نیشتیمانی (SOMO) هەنارده بکات، هەروەکو چۆن پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی تر لە وڵات دەیکەن. لە بەرامبەر پابەند بوون بە سیستەمی هەناردەی نیشتیمانی، بەغدا جەختی کردەوە لەسەر ناردنی لە سەدا(١٧٪)ی ساڵانە لە کۆی بودجەی ناوەندەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، کە ئەم ڕێژەیەش دیارکراوە بە پێی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە عێراق. پێشوتریش ڕێکەوتنێک کرا بوو چووبووە بواری جێبەجێکردنەوە لە ساڵی (٢٠٠٨) و بەردەوامبوو تاوەکو (تەمموز/ی ٢٠١٠)، کاتێک حکومەتی ناوەندی حکومەتی هەرێمی تاوانبارکرد بە هەناردەکردنی نەوت بەشێوەیەکی نایاسایی بە پێی یاساکانی دەوڵەت (النعيمي، ٢٠٢٠، ص ١٩). بەڵام هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام بوو لەسەر بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت.

لێرەوە بە پێویستی توێژینەوەکە دەزانرێت تیشک بخرێتە سەر دابەشبوونی جوگرافی بڕی هەریەکە لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی ناوچەی توێژینەوەدا لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣ بۆ ٢٠٢٠)، بۆ ئەمەش لە دوو خاڵدا پێشچاو دەخرێن؛

### ١. دابەشبوونی جوگرافی بەرهەم هێنان :

بڕی بەرهەم لە ناوچەی توێژینەوە دابەش دەبێت بە پێی دابەشبوونی کێڵگە بەرهەمهێنراوەکان بەسەر پارێزگاکان، ئەمەش بڕی بەرهەمی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەگرێتەوە لەوانە پارێزگای کەرکوک. ڕوانین لە

(خشتەی – ٧)؛ تێکڕاکانی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی کوردستانی عێراق و وڵاتی عێراق و کۆی گشتی و ڕێژەی گەشەکردنیان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ – ٢٠١٨) دەردەخات.

لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ – ٢٠٠٦) هەرێمی کوردستان ئەو بڕە نەوتەی بەرهەمی هێناوە لە ڕێگەی کۆمپانیای (TTOPCO) لە (کێڵگەی تەق تەق) بە تێکڕا بریتی بووە لە (٩٨٠ ب/ ڕ)، پاشان لە (٢٠٠٧ و ٢٠٠٨) بەرهەمهێنان لە (کێڵگەی تاوکێ) لە ڕێگەی کۆمپانیای (DNO) دەستی پێکرد و تێکڕای ڕۆژانەی هەرێم بەرزبوویەوە بۆ (٦,٣٥٨ ب/ ڕ)، لەو ماوەیەشدا نەوت لە ڕێگەی تانکەرەوە هەناردەکراوە، لە ساڵی (٢٠٠٩) کۆمپانیای (کار)ی خۆماڵی دەستی بە بەرهەمهێنانکرد لە (کێڵگەی خورمەڵە)، هاوکات کۆمپانیاکانی تری ( Afren, Gulf Keystone Petroleum, DANAGAS) لە چەند کێڵگەیەکی تر بەرهەمیان هەبووە، تێکڕای ڕۆژانە بەرزبوویەوە بۆ (٤٢,٩٨٤ ب/ ڕ).

لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٨ – ٢٠١٤) هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی نا لە گەڕان و پشکنین و هەڵکەندنی بەردەوام و سەر لەنوێ پەرەپێدانی کێڵگە کۆنەکان لە ڕێگەی کۆمپانیا بیانیەکان و ڕاکێشانیان و بەستنی گرێبەست لەگەڵیان لە جۆری گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (PSC)، ئەمەش هاندەرێکی سەرەکی هاتنیان بوو بۆ وەگەرخستنی سەرمایەکانیان لە کوردستان، بەهۆی بەرزی ئەو بڕە قازانجەی دەیانکرد، هاودەم لەگەڵ ئەو پێشبینیە چاوەڕوانکراوەی ڕووپێوە سەرەتاییەکانی پێزانینی ئەو بڕە یەدەگە گەورەیەی کە هەیە لە ناوچەکەدا. هەر بۆیە بڕی بەرهەمهێنان بەرزبوویەوە لە نێوان ئەو دوو ماوەیەدا لە (٨,٥٤٠ ب/ ڕ بۆ ٢٤٣,٨٩٥ ب/ ڕ).

ئەمەو تێکڕای بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان لە کێڵگەکانیدا بەردەوام لە زیادبووندایە، وەک دەبینرێ لە نێوان (٢٠١٤ – ٢٠٢٠) لە

(٢٤٣,٨٩٥ بۆ ٤٧٥,٤٠٠ ب/ ڕ) بەرزبووەتەوە. (بە پێی سەرچاوەکانی خشتەکە).

هەروەها، لە ماوەی هەژمارکراوی خشتەکەدا دەردەکەوێت بەرهەمی نەوتی خاوی کەرکوک لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ – ٢٠٠٨) بە سەرچاوەی هەرە سەرەکی بەرهەمهێنانی ناوچەی کوردستانی عێراق دادەنرێت، لەبەرئەوەی ڕێژەی بەشداریەکەی لە نێوان (٩٩.٨٪ بۆ ٩٧.٨٪) دایە. پاشان وردە وردە لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم چەماوەی ڕێژەی بەشداری نەوتی خاوی کەرکوک دێتە خوارەوە تاوەکو لە (٢٠١٨) دەگاتە (٣٤.٩٪) بۆ نزمترین ئاست بە تێکرای ڕۆژانەی (٢٢٦ هەزار ب/ ڕ). سەرنجدان لە (خشتەی – ٧)

**(خشتەی – ٧)**

**تێکرای بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی کوردستانی عێراق و وڵاتی عێراق، لەگەڵ کۆی گشتی و ڕێژەی گەشەکردنیان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ – ٢٠١٨)**

| ساڵ | بڕی بەرهەمهێنانی هەرێم هەزار ب/ ڕ | بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوک هەزار ب/ ڕ | کوردستانی عێراق هەزار ب/ ڕ | ڕێژەی بەشداری نەوتی خاوی کەرکوک لە کوردستانی عێراق % | بڕی بەرهەمی کوردستانی عێراق بە (ملیۆن تەن/ ساڵ) | ڕێژەی (تێکرای) گەشەی ساڵانە بۆ کوردستانی عێراق % | بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی عێراق بە (ملیۆن ب/ ڕ) - جگە لە هەرێمی کوردستان | کۆی وڵاتی عێراق بە (ملیۆن ب/ ڕ) | کۆی وڵاتی عێراق بە (ملیۆن تەن/ ساڵ) | ڕێژەی (تێکرای) گەشەی ساڵانە بۆ وڵاتی عێراق % | ڕێژەی بەشداری کوردستانی عێراق لە کۆی بەرهەمی وڵاتی عێراق % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2003 | 1,085 | 499,680 | 500,765 | 99.8 | 30,463,204 | | 1,377 | 1,378,085 | 83,833,504 | | 36.3 |
| 2004 | 440 | 426,410 | 426,850 | 99.9 | 25,966,708 | -14.8% | 2,107 | 2,107,440 | 128,202,600 | 52.9% | 20.3 |
| 2005 | 1,008 | 308,750 | 309,758 | 99.7 | 18,843,612 | -27.4% | 1,853 | 1,854,008 | 112,785,487 | -12.0% | 16.7 |
| 2006 | 1,387 | 268,780 | 270,167 | 99.5 | 16,435,159 | -12.8% | 1,957 | 1,958,387 | 119,135,209 | 5.6% | 13.8 |
| 2007 | 4,176 | 553,500 | 557,676 | 99.3 | 33,925,290 | 106.4% | 2,183 | 2,187,176 | 133,053,207 | 11.7% | 25.5 |
| 2008 | 8,540 | 374,000 | 382,540 | 97.8 | 23,271,183 | -31.4% | 2,281 | 2,289,540 | 139,280,350 | 4.7% | 16.7 |
| 2009 | 42,984 | 470,000 | 512,984 | 91.6 | 31,206,527 | 34.1% | 2,346 | 2,388,984 | 145,329,860 | 4.3% | 21.5 |
| 2010 | 75,298 | 621,000 | 696,298 | 89.2 | 42,358,128 | 35.7% | 2,358 | 2,433,298 | 148,025,628 | 1.9% | 28.6 |
| 2011 | 187,532 | 566,000 | 753,532 | 75.1 | 45,839,863 | 8.2% | 2,653 | 2,840,532 | 172,799,030 | 16.7% | 26.5 |
| 2012 | 197,146 | 530,000 | 727,146 | 72.9 | 44,234,715 | -3.5% | 2,942 | 3,139,146 | 190,964,715 | 10.5% | 23.2 |
| 2013 | 217,954 | 475,000 | 692,954 | 68.5 | 42,154,702 | -4.7% | 2,979 | 3,196,954 | 194,481,368 | 1.8% | 21.7 |
| 2014 | 243,895 | 359,000 | 602,895 | 59.5 | 36,676,113 | -13.0% | 3,110 | 3,353,895 | 204,028,613 | 4.9% | 18.0 |
| 2015 | 364,765 | 424,000 | 788,765 | 53.8 | 47,983,204 | 30.8% | 3,504 | 3,868,765 | 235,349,871 | 15.4% | 20.4 |
| 2016 | 365,000 | 406,000 | 771,000 | 52.7 | 46,902,500 | -2.3% | 4,647 | 5,012,000 | 304,896,667 | 29.6% | 15.4 |
| 2017 | 419,800 | 367,000 | 786,800 | 46.6 | 47,863,667 | 2.0% | 4,468 | 4,887,800 | 297,341,167 | -2.5% | 16.1 |
| 2018 | 422,400 | 226,000 | 648,400 | 34.9 | 39,444,333 | -17.6% | 4,410 | 4,832,400 | 293,971,000 | -1.1% | 13.4 |
| 2019 | 466,500 | 321,000 | 787,500 | 40.8 | 47,906,250 | 21.5% | 4,581 | 5,047,500 | 307,056,250 | 4.5% | 15.6 |
| 2020 | 475,400 | 340,000 | 815,400 | 41.7 | 49,603,500 | 3.5% | 4,920 | 5,395,400 | 328,220,167 | 6.9% | 15.1 |
| | 194,184 | 418,673 | 612,857 | 68.31 | 671,078,658 | تێکرای گەشەی ساڵانە (CAGR) لە ماوەی (18 ساڵ) | 3,038 | 3,231,739 | 3,538,754,692 | تێکرای گەشەی ساڵانە (CAGR) لە ماوەی (18 ساڵ) | 18.96 |
| | تێکرای گشتی بەرهەمهێنانی ساڵانە | | | ڕێژەی گشتی % | کۆی گشتی | 2.9% | تێکرای گشتی بەرهەمهێنانی ساڵانە | | | 8.0% | ڕێژەی گشتی % |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە؛

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠١٤)، لا ٩.

٢. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی ڕوونبین، ٢٠١٩ – ٢٠٢٠.

٥. ڕاپۆرتەکانی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی درەو میدیا، ، ٢٠١٨ – ٢٠٢٠.

٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧ – ٢٠٢٠.
٧. کاکە ڕەش، ٢٠٠٩، لا ٨٨ – ٨٩.
٨. منظمة الأقطار العربية المصدرة للبترول (أوابک)، التقرير الإحصائي السنوي، (٢٠١٣، ص ٩٢)، (٢٠٢١، ص ٥٠).
٩. الجابري، ٢٠٢١، ص ١٣٧.
10. OPEC, (2007, p21, p31), (2014, p28), (2015, p 28), (2017, p 32), (2018, p31.)

(ئەگەرچی هەندێک لە کێڵگەکان، داتای ڕوون و تەواویان دەست نەکەوت وەکو کێڵگەکانی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای نەینەوا)، بەڵام دەکرێ ئەوە بخرێتەڕوو کە کۆی بەرهەمی نەوتی خاوی کوردستانی عێراق (هەرێمی کوردستان + پارێزگای کەرکوک)، ئەوەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە: لە نێوان سالانی (٢٠٠٣ – ٢٠٢٠) نزمترین تێکڕای ڕۆژانەی لە ساڵی (٢٠٠٦) (٢٧٠,١٦٧ ب/ ڕ)دا بووە، ساڵی (٢٠٢٠)یش بە (٨١٥,٤٠٠ ب/ ڕ) بەرزترین تێکڕای بەرهەمهێنان تۆمار دەکات. ئەمەش واتە لە ماوەی (١٨ ساڵ)دا کوردستانی عێراق (٦٧١,٠٧٨,٦٥٨ ملیۆن تەن) نەوتی بەرهەمهێناوە، لەو بڕەدا بە تەنها کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک بە ڕێژەی (٦٨.٣١٪) بەشدارن. واتە تێکڕای گەشەی ساڵانە لە هەموو ماوەکەدا (CAGR) بۆ ناوچەی توێژینەوە یەکسان بووە بە (٢.٩٪)، لە کاتێکدا هەمان تێکڕای گەشە لە عێراقدا (٨٪)ە، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زیادبوونەی لە تێکڕای بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستانەوە ڕوویداوە. پشت بەست بە؛ (أوابک، ٢٠١٣، ٩٢) (أوابک، ٢٠٢١، ٥٠).

سەبارەت بە وڵاتی عێراق ئەوا ساڵی (٢٠٠٣) کە هاوکاتە لەگەڵ پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، تێکڕای بڕی بەرهەم لەو ساڵەدا نزمترین ژمارە (١,٣٧٧ ملیۆن ب/ ڕ)ی تۆمارکردووە، تا لە ساڵی (٢٠٢٠) گەیشتۆتە بەرزترین

ئاست (٤,٩٢٠ ملیۆن ب/ ڕ).

بــە گشــتی ڕێــژەی بەشــداری بەرهــەمهێنانی نــەوتی خــاوی کوردستانی عێراق لە کۆی وڵاتی عێراق لـە نێوان ساڵەکاندا هەڵبـەز و دابــەزینی کــردووە، نزمتــرین بەشــداری لــە ســاڵی (٢٠١٨)دا (١٣.٤٪)ە، لەبەرئــەوەی نــەوتی کــەرکوک ئاســتێکی نزمــی بەرهــەمهێناوە، بەرزترینیشـی لـە سـاڵی (٢٠٠٣)دایـە کـە (٣٦.٣٪)یـە، چونکـە لـەو سـاڵەدا بەهۆی جەنگەوە زیاتر نـەوتی پارێزگای کـەرکوک بەرهـەمهینراوە واتـە بە گشتی ناوەندی ڕێژەی بەشداری کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان (٢٠٠٣ – ٢٠١٨)دا لــە کــۆی بەرهــەمی وڵاتــی عێراقـدا بریتــی یــە لــە (١٨.٩٦٪).

هەروەها سەرنجدان لە خشتەکانی (٨ و ٩).

**(خشتەی – ٨)**

**تێکڕای بڕی بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان**

**لە نێوان (٢٠١٦ – ٢٠٢١)**

| ناوی کێڵگە | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تاوکێ | 107000 | 115000 | 120400 | 123900 | 110,300 | 112,750 | لە هەردوو کێڵگەی تاوکێ و فیشخابور پێکدێت |
| تەق تەق | 60000 | 37,500 | 15,000 | 13700 | 9600 | 7000 | بۆ یەکەمجار لە لایەن کۆمپانیای (Genel Energy) وەبەرهێنانی تێدا کراوە. |
| سەرسەنگ | 5000 | 11,100 | 20,000 | 24600 | 24700 | 31500 | – |
| ئەتروش | 0 | 9000 | 25000 | 46900 | 45100 | 47550 | لە ٢٠٢٠/٣/٢٧ بەرزترین ڕێژەی بەرهەمی گەیشتە ٥٤٠٥٥ |
| شێخان | 35000 | 51,900 | 35,000 | 37700 | 36600 | 44400 | – |
| هەولێر | 3000 | 5,100 | 7,000 | 11700 | 11600 | 12400 | – |
| سەرتە | 0 | 0 | 0 | 0 | 5500 | 10000 | لە ت٢ / ٢٠٢٠ وەکو کێڵگەیەکی بازرگانی ڕاگەیەنرا |
| خورمەڵە | 145000 | 150000 | 155000 | 160000 | 160000 | 170000 | ١٠٠٠٠٠ دەچێت بۆ پاڵاوتن |
| گەرمیان | 4000 | 31,200 | 32,000 | 35000 | 32000 | 33000 | ١٠٠٠٠ دەچێت بۆ پاڵاوتن |
| ئەوانی تر | 6000 | 9,000 | 13,000 | 13000 | 40000 | 80000 | (٢٠٢١) : بازیان: ١٠٠٠٠ / تۆپخانە: ٣٠٠٠٠ / کوردەمیر : ٤٠٠٠٠ |
| کۆی گشتی | 365000 | 419800 | 422400 | 466500 | 475,400 | 548,600 | تێکرای (٦ ساڵ):449617 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت، ڕێکخراوی ڕوونبین، ڕاگەیاندنی دامەزراوەی میدیای درەو، سەرچاوەی پێشوو.

**(خشتەی – ٩)**

**تێکڕای بڕی بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتیەکانی پارێزگای کەرکوک (هەزار ب/ ڕ)**

**لە نێوان (٢٠١٠ – ٢٠٢٠)**

| سال | کەرکوک | بای حەسەن | زەنبور | خەباز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| 2010 | 340 | 196 | 59 | 26 | 621 |
| 2011 | 289 | 194 | 55 | 28 | 566 |
| 2012 | 257 | 187 | 58 | 28 | 530 |
| 2013 | 227 | 172 | 48 | 28 | 475 |
| 2014 | 164 | 137 | 45 | 13 | 359 |
| 2015 | 187 | 172 | 45 | 20 | 424 |
| 2016 | 175 | 162 | 44 | 25 | 406 |
| 2017 | 167 | 136 | 40 | 24 | 367 |
| 2018 | 118 | 50 | 38 | 20 | 226 |
| 2019 | 132 | 125 | 40 | 24 | 321 |
| کۆ | 2056 | 1531 | 472 | 236 | 4295 |
| ڕێژەی کێڵگە % | 48 | 36 | 11 | 5 | 100 |
| ڕێژەی گۆران لە نێوان سالانی ٢٠١٨ – ٢٠١٩ | 12% | 150% | 5% | 20% | 42% |
| تێکڕای گەشەی سالانە لە ماوەی (١٠ سال)دا | %-10 | %-5 | %-4 | %-1 | %-7 |

سەرچاوە / کاری توێژەران پشت بەست بە: الجابري، (٢٠٢١)، ص ١٣٧. + سەرچاوەکانی (خشتەی – ٣).

## ٢. دابەشبوونی جوگرافی هەناردەکردن؛

کوردستانی عێراق بە دوو شێوە نەوتی خاوی فرۆشتووە بۆ (دەرەوە و بۆ ناوەوە)، مەبەست لەم خاڵەدا فرۆشی نەوتە بە دەرەوە کە پێی دەگوترێ (هەناردەکردنی نەوت – Crude Oil Exports). بە سەرنجدان لە (خشتەی – ١٠) چەند تێبینیەکمان بۆ دەردەکەوێت؛

هەرێمی کوردستان لە نێوان سالانی (٢٠٠٣ – ٢٠٠٧) لە ڕێگەی لوولەی نەوتەوە هیچ بڕە نەوتێکی هەناردە نەکردووە، ئەوەشی فرۆشراوە لە ڕێگەی تانکەرەوە بووە، چونکە لوولە نەوتی تایبەت بەخۆی نەبووە. بەڵام لە سالانی (٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٣) هەرێم لە ڕێگەی کۆمپانیای (SOMO) (13,109,158 ملیۆن تەن) نەوتی هەناردەکردووە، بە

تێكڕای ڕۆژانەی (٣٥,٩١٦ ب/ ڕ). پاشان لە كۆتایەكانی ساڵی (٢٠١٣) هەرێم دەستی بە فرۆشی نەوتی خۆی كرد لە ڕێگەی هێڵی لوولە نەوتی خاوی كوردستان (KPC)، هەناردەی بازاڕەكانی جیهان كراوە بە سەربەخۆ لە بەغدا و سۆمۆوە. بە دیاركراویش هەرێم لە (٢٠١٣ و سەرەتاكانی ٢٠١٤) لە ڕێگەی سۆمۆوە نەوتی هەناردە دەكرد بەڵام (بە بڕێكی زۆر كەمتر لەوەی پێشوو بە تێكڕای مانگانەی ٩١٦ – ٧١٧ BOE)، تا لە سەرەتاكانی ساڵی (٢٠١٤) كە ئیتر لە ڕێگەی سۆمۆوە هەناردەكردن بەردەوام نەبووە (حكومەتی هەرێمی كوردستان, ٢٠١٤، لا ١١).

بە بەراوردكردنی هەردوو ستونی تێكڕای بەرهەمهێنان و هەناردەكردنی هەرێمی كوردستان لە هەردوو خشتەدا پرسیارێك بە دیاردەكەوێت كە بۆچی ساڵەكانی (٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، و ٢٠١٩) بڕی هەناردەكردنیان زیاترە لە بڕی بەرهەمهێنانیان!؟، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە هەرێم بەشێك لە هەناردەی نەوتی خاوی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی فرۆشتووەو لەگەڵیدا هەژماركراوە، كە هەندێك لە كێڵگەكان بڕی بەرهەمهێنانیان بەم شێوەیە؛ { عەین زالە (٢٠٠٠ ب/ ڕ)، بەتمە (٢٥٠٠ ب/ ڕ)، صەفەییە (٤٠٠٠ ب/ ڕ لە ماوەی ١٠/٤/ ٢٠١٥) تا ئێستا ٢٠٢٣ لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمە، وێستگەی جاستان (٢٠,٠٠٠ ب/ ڕ لە ماوەی ١١/ ٧/ ٢٠١٤) تا ئێستا ٢٠٢٣، گومەزی خورمەڵە (١٧٠ هەزار ب/ ڕ لە ماوەی ٢٥/ ٥/ ٢٠١٠) تا ئێستا ٢٠٢٣، كێڵگەی كۆرمۆر (٧٠٠ ب/ ڕ كۆندێنسەیت لە ماوەی ٢٠٠٣) تا ئێستا ٢٠٢٣ لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمە (iraqi24.com).

سەبارەت بەو بڕە نەوتەی لە ماوەی (٢٠٠٣ – ٢٠١٨) كە لە كوردستانی عێراقەوە بۆ وڵاتانی دەرەوە هەناردەكراوە خۆی لە (٤٧٣,٩٢٧,٧٤١ ملیۆن/ تەن)ە دەدات، ئەمەش یەكسانە بە

(٢،٨٤٣،٥٦٦،٤٤٦ ملیار بەرمیل نەوت)ە، بە تێکرای گشتی ساڵانەی (٤٣٢،٨١١ ب/ ڕ)، کە ساڵی (٢٠١٩) بە تێکرای (٦٠٦،٧٠٧ ب/ ڕ) بەرزترین ئاست تۆمار دەکات، ڕێژەی بەشداری نەوتی خاوی کەرکوکی کوردستانی لەو برە گەورەی ناوچەی توێژینەوەدا دەگاتە (٦١.٥٪) بە تێکرای ساڵانەی (٢٦٦،١٥٠ ب/ ر)، تێکرای گشتی ساڵانەی هەناردەی هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی (١٨ ساڵ )ی خشتەکەدا یەکسانە بە (١٦٦،٦٦١ ب/ ر) بە ڕێژەی (٣٨.٥٪) بەشداریکردووە.

ئەوەی پەیوەندارە بە کۆی گشتی هەناردەی وڵاتی عێراق لە ماوەی ناوبراودا یەکسانە بە (٢،٧١١،٩٤٤،١٦٠ ملیار تەن)، ئەمەش یەکسانە بە (١٦،٢٧١،٦٦٤،٩٦٠ ملیار بەرمیل نەوت)ە، بە تێکرای گشتی ساڵانەی (٢،٧٤٦،٦٦١ ب/ ڕ)، بەرزترین ئاستی هەناردەکردنی لە ساڵی (٢٠١٩)دا گەیشتە (٤،٠٣٩،٤٧٤ ب/ڕ)، نزمترین ئاستی هەناردەکردنیشی لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بووە کە بەهۆکاری پرۆسەی ئازادی عێراق و هێرشەکانی هاوپەیمانان بۆ سەری دابەزی بۆ (١،٠١٠ ملیۆن ب/ ڕ). ڕێژەی بەشداری هەناردەی نەوتی خاوی کوردستانی عێراق لە کۆی هەناردەی وڵاتی عێراق بریتی یە لە (١٧.٥٪).

**(خشتەی – ١٠)**

**تێکڕای بڕی هەناردەکردنی نەوتی خاوی کوردستانی عێراق و وڵاتی عێراق، لەگەڵ کۆی گشتی و ڕێژەی گەشەکردنیان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ – ٢٠١٨)**

| ساڵ | بڕی هەناردەکردنی هەرێم هەزار ب/ر) | بڕی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک (هەزار ب/ر) | کوردستانی عێراق (هەزار ب/ر) | ڕێژەی بەشداری نەوتی خاوی کەرکوک لە کوردستانی عێراق % | بڕی هەناردەی کوردستانی عێراق بە (ملیۆن تەن/ ساڵ) | ڕێژەی (تێکڕای) گەشەی ساڵانە بۆ کوردستانی عێراق % | بڕی هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراق بە (ملیۆن ب/ر) - جگە لە هەرێمی کوردستان | کۆی وڵاتی عێراق بە (ملیۆن ب/ر) | کۆی وڵاتی عێراق بە (ملیۆن تەن/ ساڵ) | ڕێژەی (تێکڕای) گەشەی ساڵانە بۆ وڵاتی عێراق % | ڕێژەی بەشداری کوردستانی عێراق لە کۆی هەناردەی وڵات عێراق % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2003 | 0 | 469,680 | 469,680 | 100.0 | 28,572,200 | | 1,010 | 1,010,000 | 61,441,667 | | 46.5 |
| 2004 | 0 | 396,410 | 396,410 | 100.0 | 24,114,942 | -15.6% | 1,450 | 1,450,000 | 88,208,333 | 43.6% | 27.3 |
| 2005 | 0 | 278,750 | 278,750 | 100.0 | 16,957,292 | -29.7% | 1,472 | 1,472,000 | 89,546,667 | 1.5% | 18.9 |
| 2006 | 0 | 238,780 | 238,780 | 100.0 | 14,525,783 | -14.3% | 1,467 | 1,467,000 | 89,242,500 | -0.3% | 16.3 |
| 2007 | 0 | 523,500 | 523,500 | 100.0 | 31,846,250 | 119.2% | 1,643 | 1,643,000 | 99,949,167 | 12.0% | 31.9 |
| 2008 | 893 | 344,000 | 344,893 | 99.7 | 20,980,991 | -34.1% | 1,855 | 1,855,893 | 112,900,158 | 13.0% | 18.6 |
| 2009 | 18819 | 440,000 | 458,819 | 95.9 | 27,911,489 | 33.0% | 1,960 | 1,978,819 | 120,378,156 | 6.6% | 23.2 |
| 2010 | 5774 | 412,603 | 418,377 | 98.6 | 25,451,268 | -8.8% | 1,890 | 1,895,774 | 115,326,252 | -4.2% | 22.1 |
| 2011 | 101959 | 481,644 | 583,603 | 82.5 | 35,502,516 | 39.5% | 2,166 | 2,267,959 | 137,967,506 | 19.6% | 25.7 |
| 2012 | 55,878 | 332,055 | 387,933 | 85.6 | 23,599,258 | -33.5% | 2,423 | 2,478,878 | 150,798,412 | 9.3% | 15.6 |
| 2013 | 32,170 | 263,014 | 295,184 | 89.1 | 17,957,027 | -23.9% | 2,502 | 2,534,170 | 154,162,008 | 2.2% | 11.6 |
| 2014 | 135668 | 60,548 | 196,216 | 30.9 | 11,936,473 | -33.5% | 2,442 | 2,577,668 | 156,808,137 | 1.7% | 7.6 |
| 2015 | 392329 | 157,260 | 549,589 | 28.6 | 33,433,331 | 180.1% | 2,578 | 2,970,329 | 180,695,014 | 15.2% | 18.5 |
| 2016 | 447,513 | 55,616 | 503,129 | 11.1 | 30,607,014 | -8.5% | 3,370 | 3,817,513 | 232,232,041 | 28.5% | 13.2 |
| 2017 | 473,913 | 69,315 | 543,228 | 12.8 | 33,046,370 | 8.0% | 3,384 | 3,857,919 | 234,690,073 | 1.1% | 14.1 |
| 2018 | 362728 | 85,877 | 448,605 | 19.1 | 27,290,138 | -17.4% | 3,444 | 3,806,728 | 231,575,953 | -1.3% | 11.8 |
| 2019 | 515474 | 91,233 | 606,707 | 15.0 | 36,908,009 | 35.2% | 3,524 | 4,039,474 | 245,734,668 | 6.1% | 15.0 |
| 2020 | 456780 | 90,410 | 547,190 | 16.5 | 33,287,392 | -9.8% | 3,000 | 3,456,780 | 210,287,450 | -14.4% | 15.8 |
| | 166,661 | 266,150 | 432,811 | 61.5 | 473,927,741 | تێکڕای گەشەی ساڵانە (CAGR) لە ماوەی (18 ساڵ) | 2,310 | 2,476,661 | 2,711,944,160 | تێکڕای گەشەی ساڵانە (CAGR) لە ماوەی (18 ساڵ) | 17.5 |
| | تێکڕای گشتی هەناردەکردنی ساڵانە | | | ڕێژەی گشتی % | کۆی گشتی | 0.9% | تێکڕای گشتی هەناردەکردنی ساڵانە | | کۆی گشتی | 7.2% | ڕێژەی گشتی % |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە سەرچاوەکانی (خشتەی – ٧):

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠١٤).

٢. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی ڕوونبین، ٢٠١٩ - ٢٠٢٠..

٣. ڕاپۆرتەکانی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی درەو میدیا، ٢٠١٨ - ٢٠٢٠.

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧ – ٢٠٢٠.

٥. کاکە ڕەش، ٢٠٠٩.

٦. (أوابك)، التقرير الإحصائي السنوي، (٢٠١٣)، (٢٠٢١).

٧. OPEC, (2007 – 2018)

جێی ئاماژەیە، کوردستانی عێراق، شوێنێکی داخراوی جوگرافی هەیە، کە ناکەوێتە سەر دەروازەو ڕووبەرە ئاوییەکان و بەندەرەکانی هەناردەکردن، بۆیە بە سەرنجدان لە شیکاری جوگرافیای هەناردەکردن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ناوچەکەمان ناتوانێت بە بێ پشت بەستن بە وڵاتانی دراوسێ نەوت و گازی سروشتی خۆی هەناردەی دەرەوە بکات، تەنانەت ئەوەشی بەر لە ساڵی (٢٠٠٧) هەناردەی کردووە بەهۆی تانکەری بارهەڵگر (السيارات الحوضية) بووە، (هەمەوەندی، ٢٠٠٨، ٢٢٤

– ٢٢٥). هەرچەنـدە ئـەم سـەرنجە لـە ڕووی سـتراتیژیەتی کـرداری بازرگـانیکردن بـە ڕێگـای دەریـادا سـەبارەت بـە کوردسـتانی عێـراق بـە پێچەوانـەوە شـکاوەتەوە، ئەمـە جگەلـەوەی لـە ڕووی هاوسـەنگی جیۆپۆلەتیکیەوە زیانی لێداوە، هەبۆیە ئەمە وای کردووە هەرێم بکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی وڵاتانی هـەرێمی بەتایبـەت وڵاتـی تورکیـا، کـە هێڵـی نـەوتی (کـەرکوک – جـەیهان) بـە جوگرافیەکەیدا تێدەپـەڕێت. هـەرێمی کوردسـتان لـەم ڕووە بەشـێکی داهـاتی گـەڕاوەی نـەوتی بـۆ تورکیـا دەچێت. ئەمـە لـە لایـەک، دەبـێ ئـەوەش لەبـەرچاو بگیرێت کـە بـوونی ئـەو مەیدانـە گـەورەی نـەوت و گـاز هەیـە لـە ناوچەکـەمان وایکردووە ببێتە جێ سەرنجی وڵاتانی دونیا و ئەو وڵاتانـەی هـەرێمیش بـە تایبـەت تورکیـا کـە چـاوی بڕیوەتـە سـوود وەرگـرتن لێـی. دەتـوانین بڵێـین لـە دوای سـاڵی (٢٠٠٧) ژمارەیـەکی زۆر لـە کۆمپانیـا بیانییـە نێودەوڵەتییەکان ڕوویان لە ناوچەی تویژینەوە کردووە کە بە زیـاتر لـە (١٧٠٠) کۆمپانیـا دەژمێـردێن، ئەمانـە کاردەکـەن لـە بوارەکـانی خزمەتگوزاری نەوت و گازی سروشتی، و ڕۆڵیـان هەیـە لـە پەرەپێدانی کێڵگـەکان و دەرهێنـان و فرۆشـتنی نـەوت و تەنانـەت بـە بـازاڕکردنی. دامەزرانـدنی هێڵـی (تـەق تـەق – خورمەڵـە - فیشـخابور)یش گرنگـی و بایەخی هەناردەکردنی زیـاتر کـرد، هـەموو ئەمانـە هۆکارێکک بـوون بـۆ بوژانەوەی کەرتی پیشەسـازی نـەوت لـە کوردسـتانی عێـراق. ئـەمڕۆ لـە زیاتر لە (٢٠ کێڵگە)ی ناوچەکە نەوت و گـاز بەرهـەم دەهێنرێ و زیـاتر لە (٣٠ کۆمپانیـا) لـە (١٩) وڵاتـی جیـاوازی جیهانـدا هـاتوون لـە ناوچـەی تویژینـەوەدا کاردەکـەن، حکومـەتی هـەرێمیش بـەردەوام چـاوی لـە بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنە. بە جۆرێک لە پلانـی داهـەبووە ئاسـتی هـەناردەکردن تـا سـاڵی (٢٠٢٠) بگەیەنێتـە (ملیۆنێـک بەرمیلی ڕۆژانە). (سفین، ٢٠١٥، ١٣٨، ١٣٩).

## سێیەم/ ئاسۆی دوارۆژی بەرهەمهێنانی نەوت لە كوردستانی عێراق
**Future prospects for oil production in Iraqi Kurdistan**

گومانی تێدا نییە بوونی ئەو یەدەگە زۆرەی نەوت كە لە كوردستانی عێراقدا هەیە، ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەسەر بەرزكردنەوەی پێگەی ئابووری و سیاسی ناوچەكە چ لەسەر ئاستی ناوەخۆیی یان لەسەر ئاستی دەرەكی، هەر بۆیە لێرەدا بە پێویستی توێژینەوەكە دەزانرێت جەخت لە دیارترین ئەو خاڵانە بكرێتەوە:

**١. لەسەر ئاستی هەرێمی؛** هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافی كوردستانی عێراق و هاوسنوری لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی ناوچەكە ئەو ڕۆڵە بە هەرێمی كوردستان دەبەخشێت تا بتوانێت لە ڕێگەی بوونی ئەو دەرامەتە سروشتییەی هەیەتی مامەڵەیەكی تەندروستی ئابووری و سیاسیانە بەڕێوە ببات بەتایبەتی هاوسنوری لەگەڵ وڵاتانی (توركیا و ئێران)، لەم ڕێگایەوە دەتوانێت برەو بە پەرەپێدانی پەیوەندیە ئابووریە سیاسیەكان بدات و سوود لە دەروازە سنوورییەكان و بەندەرە بازرگانییەكانیان وەربگرێت بۆ هەناردەكردنی ئەو برە نەوتەی بەرهەمی دەهێنێت و بیگەیەنێت بە بازاڕەكانی جیهانی لە ئەڕوپا و لە ئاسیا.

لەسەر ئاستی ناوەخۆیی؛ ئەگەرچی نەوت چەكێكی دوو سەرەیە، بەڵام كاتێک بە لۆژیكی عەقڵ و زانست و دادپەروەری بەگەڕبخرێت كاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئاستی ناوەخۆیی بۆ فەراهەمكردنی ئاسایشی ئابووری و سیاسی بۆ هاونیشتمانیان و هێنانەدی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆ نەوەكانی ئیستا و ئایندە لەبەر رۆشنایی پەرەپێدانی كەرتەكانی ئابووری و پیشەسازی و پڕكردنەوەی پێداویستییە هەمەجۆر و هەمەڕەنگەكانی هاوڵاتیان و سەرخستنی ئامانجەكانی پەرەپێدانی بەردەوام.

**٢. بەرەو پێشچوونی ئابووری؛** حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک هەنگاوی خێرای گرتەبەر بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی پیشەسازی نەوت، هەروەک لە ساڵی (٢٠٠٧) یاسای نەوت و گازی تایبەت بەخۆی دەرکرد، بەبێ ڕەزامەندی بەغدا. ئەوەی لێرەدا مەبەستە لە بەشی پێنجەمی ئەو یاسایەدا هاتووە کە حکومەتی هەرێم کار دەکات بۆ دامەزراندنی پێنج کۆمپانیای نیشتیمانی کوردستان تایبەت بە نەوت و گاز ئەوانیش؛ (فرج و خورشید، ٢٠٢٢، ص ١٨)

أ. (Kurdistan Exploration and Production Company - KEPCO) (کۆمپانیا کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت).

ب. (Kurdistan National OIL Company - KNOC) (کۆمپانیای کوردستانی نیشتیمانی نەوت).

ت. (Kurdistan OIL Marketing Organization - KOMO) (کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕکردنی نەوت).

ث.(Kurdistan Organization for Downstream - KODO) (کۆمپانیای کوردستان بۆ پڕۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکان).

ج. (Kurdistan Oil Trust Organization - KOTO) (سندوقی کوردستان بۆ داهاتە گشتی یەکان).

بەڵام هیچ کام لەو خاڵانەی یاسای نەوت و گاز جێبەجێ نەکرا، لە کاتێکدا دامەزراندنی ئەم کۆمپانیا خۆماڵییانە بایەخێکی بەرچاویان دەبوو لە بەرەو پێشچوونی ئابووری ناوچەی توێژینەوە، چونکە بڕێکی زۆر قازانج بۆ دانیشتوانی هەرێم دەگەڕایەوە بە تایبەتی دامەزراندنی هەردوو کۆمپانیای (KOTO) بۆ داهاتە گشتییەکان و (KOMO) بۆ بە بازاڕکردنی نەوت کە بەداخەوە لە ئیستادا دامەزراوەیەکی فەرمیمان نییە سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتی کوردستانی عێراق بکات، هەروەک چۆن ئیستا لە عێراق کۆمپانیای

(SOMO) هەیە و ئەم کارە دەکات.

**٣. هاتنی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز؛** نەوت و گاز لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە شانۆی جیۆسیاسی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی هێزی نیشتیمانی دادەنرێن، هەرێمیان کردە بازاڕێکی گرنگ و سەرچاوەی ڕاکێشەری وەبەرهێنانی بێگانە، ئەوەبوو هەرێم کۆمەڵێک ڕێکەوتنامەی گرنگی ئەنجامدا کە زۆربەیان لە شێوەی (ڕێکەوتنامەی بەشداری بەرهەم – عقود مشاركة الإنتاج) بوون، ئەمە بووە هۆی ڕاکێشانی (٤٥) لە گەورە کۆمپانیاکانی بواری ووزە، وە زیاتر لە (١٠ ملیار دۆلار) لە سەرمایەی بێگانەی تێدا وەبەرهێنرا، لە نموونەی ئەو کۆمپانیایانەی ئاماژەیان پێدراوە وەکو (Chevron)ی ئەمریکی و (DNO)ی نەرویجی و (Gulf Keystone Petroleum)ی بەریتانی و (Gazprom)ی ڕوسی (Genel Energy)ی تورکی ... . (الكاكائي، ٢٠٢٠، ص ٨٥).

جێی سەرنجە بگوترێ بەرهەمهێنانی نەوت لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕاگەیاندنی )درەو میدیا( بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەبووە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک پارێزگای دهۆک (٥٢ – ٥٤٪) و پارێزگای هەولێر (٤٠٪) و پارێزگای سلێمانی (٦ – ١٠٪) بەرهەمهێنانی تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەم هۆکارەیەش دەگەڕێتەوە بۆ (ناعەدالەتی جوگرافی).

**٤. دەستی کاری کۆمپانیاکان؛** بەشداری کرێکارو کارمەندانی کەرتی نەوت بەبەراورد بە کەرتەکانی تری بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری زۆر کەمە کە ناگاتە (١٪)ی دانیشتوان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر خۆی کۆمپانیاکان کرێکاری کەمیان پێویستە، ئەوانەشی کە شارەزان زیاترینی دەستی کاری خۆیانە،

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پیشەسازی نەوت لە کوردستانی عێراق هەم نوێیە و هەمیش دیارە لە گرێبەستەکاندا جەخت لەو خاڵەدا نەکراوەتەوە کە پشت بە کرێکاری ناوەخۆ ببەسترێت، ئەگەرچی داتاکانی وەرگیراو ئەوەمان پێ دەڵێن کە (٣/٢)ی پاڵپشتی هێزی کار لە کەرتی نەوت کرێکارانی ناوەخۆین. بە پێی داتایەکی وەرگیراو کە لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هاتووە بۆ ساڵی (٢٠١٤) دابەشبوونی کرێکاران بەم شێوەیە؛ کۆی گشتی کرێکاران، بە هەردوو جۆریەوە (ناوەخۆیی و بیانی) بریتییە لە (٤٤٦٧ کرێکار)، لەو ژمارەیەدا (٢٨٧٢ کرێکارانی ناوەخۆن) و کە ڕێژەکەیان دەگاتە (٦٤.٢٩٪) لە کۆی گشتی، وە (١٥٩٥ کرێکارانی بیانین) ئەمانەش ڕێژەکەیان یەکسانە بە (٣٥.٧١٪) (MNR, 2014, P14).

٥. **داهاتی فرۆشی نەوت؛** بۆ یەکەمجار نەوتی هەرێمی کوردستان لە (١/ ٦/ ٢٠٠٩)دا هەناردەی بازاڕەکانی جیهانی کرا کە بەرهەمی کێڵگەکانی (تەق تەق – تاوکێ – خورمەڵە) بوو. بە پێی ڕاپۆرتێکی ژمارە (٣)ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)ی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، لە ماوەی (١٠ ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٣) هەرێم بڕی (٢٧٢ ملیۆن و ٦٤٥ هەزار و ٩١١ بەرمیل نەوتی لە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بەرهەمهێناوە)، خۆ ئەگەر ئەو بڕە نەوتە بە گریمانە هەژمار بکرێت و هەر بەرمیلی بە (١٠٠ دۆلار) فرۆشرابێت، ئەوا لە ماوەی ئەو (١٠ ساڵەدا) بای زیاتر لە (٢٧ ملیار دۆلار) نەوت فرۆشراوە (ڕەئوف، ٢٠١٥، لا ٢٩٤).

هەروەها بە پێی ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە ماڵپەڕی (درەو میدیا لە ١/٢٤/ ٢٠٢١) بڵاوی کردۆتەوە؛ لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤ – ٢٠١٤) هەرێمی کوردستان بە بەهای (٤١ ملیار دۆلار) نەوتی لە دەرەوەی کۆمپانیای سۆمۆو لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی

تورکییــەوە فرۆشــتووە. ئــەم دوو ژمارەیــەش ئــەوەمان پێــدەڵێت کــە هــەرێمی کوردســتان لــە نێــوان (٢٠٠٣ – ٢٠١٩) بــە بــەهای (٦٨ ملیــار دۆلار) نەوتی سـەربەخۆ فرۆشـتووە لـە دەرەوەی سـۆمۆو ئەمـە بێجگـە لەو نەوتەی کە بە تەنکەر فرۆشراوە.

**٦. پەیوەندییـەکانی نێوان هـەولێر و بەغدا؛** بـەر لـە سـاڵی (٢٠٠٣) حکومــەتی دوو ئیدارەکــە بــە داهــاتی نــاوەخۆ، موچــەی موچــەخۆران و خەرجی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دابین دەکرد، بـەڵام لـە دوای سـاڵی (٢٠٠٤)ەوە هەرێم سـەرچاوەیەکی تری داهاتی دەستکەوت، لەسـەردەمی حکومــەتی (ئــەیاد عــەلاوی) بڕیــاری نــاردنی (١٧%)ی کــۆی گشــتی بودجـەی عێـراق بـۆ هـەرێم دەرچـوو، واتـە لـە نێـوان (٢٠٠٤ بـۆ ٢٠١٤) هەرێم بە بەردەوامی بەشە بودجەی خۆی لە بەغدا وەردەگرت، کە بە شێوەیەکی گشتی مانگانە (تریلیۆنێک و ٢٠٠ ملیار دینار) دەبوو، هـەرێم پارەکـەی دابەشـکردبوو بـە شـێوەیەک (٨٥٠ ملیـار دینـار بـۆ موچـەی موچەخۆران و ٣٥٠ ملیار دینار بۆ خەرجییـەکانی دیکە و وەبـەرهێنان) (حەمــە ڕەفعــەت و ڕەئـوف، ٢٠٢٠، لا ١– ٢). بـەڵام لەگـەڵ ڕاگەیانـدنی فرۆشــی نــەوت و بــەردەوامی بانگەشــەکردنی هــەناردەکردن لــە لایــەن هــەرێمی کوردســتانەوە و بێ گەڕانــەوە بـۆ بەغدا، وای کـرد لـە سـاڵی (٢٠١٣) حکومەتی عێراقی ناردنی بەشـە بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان ببەســتێتەوە بــە ڕادەســتکردتی (٢٠٠ هــەزار ب/ ڕ)، بــەڵام حکومــەتی عێراقــی بەشــە بودجەکــەی نــەبڕی. بــە هــاتنی ســاڵی (٢٠١٤) و بانگەشــەکردنی بەرپرســانی هــەرێم بــە بەرزکردنــەوەی بــڕی هەناردەکردنی نەوت تا ئاستی (یـەک ملیۆن بـەرمیلی ڕۆژانـە)، جارێکی تـر حکومـەتی عێراقـی نـاردنی بەشـە بودجـەی هـەرێمی بەسـتەوە بـە ڕادەستکردنی بڕی (٤٠٠ هەزار ب/ ڕ) بەڵام لەبەرئـەوەی هـەرێم پابەند نـەبوو پێیـەوە، بۆیـە عێراق بەشـە بودجـەی هـەرێمی بڕی لـەو سـاڵەدا،

هەرێمی کوردستان کەوتە ناو قەیرانێکی دارایی قوڵ کە تا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنێت (حەمە رەفعەت و ڕەئوف، ٢٠٢٠، لا ٤). ئەمەش سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە ململانێی نێوان (هەولێر و بەغدا) لەسەر مەلەفی نەوت و ڕادەستکردنی بڕی داواکراو لە لایەن هەرێمەوە بە بەغدا.

ئەوەی شایانی باسە؛ هەر بە پێی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە نێوان سالانی (٢٠٠٥ تاوەکو ٢٠١٩) بڕی ئەو بودجەیەی لە لایەن عێراقەوە نێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان خۆی گەیاندۆتە (٩٦,١٩٦, ٥٠٣,٠٠٠,٠٠٠ نەوەد و شەش تریلیۆن و سەد و نەوەد و شەش ملیار و پێنج سەد و سێ ملیۆن دینار)، حکومەتی هەرێمیش بڕی (٢,٢٧٤,٤٣٠,٠٠٠,٠٠٠ دوو تریلیۆن و دوو سەد و حەفتار چوار ملیار و چوار سەد و سی ملیۆن دینار)ی گەڕاندۆتەوە بەغدا.

ئەگەر ئەو بڕە نەوتەی لە نێوان (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٩) کە هەرێم فرۆشتوویەتی لە دەرەوەی سۆمۆ بکەینە دینار ئەوا دەکاتە (٤٧,٩٦١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ چل و حەفت تریلیۆن و نۆسەد و شەست و یەک ملیار دینار)، ئەگەریش ئەو (دوو تریلیۆن و .. )ی لێ دەربکەین ئەوا پوختەی ئەو پارانەی هەرێمی کوردستان دەستی کەوتووە لە ماوەی (٢٠٠٥ – ٢٠١٩) نزیک دەبێتەوە لە (١٤١,٨٨٢,٨٣٠,٠٠٠,٠٠٠ سەد و چل و یەک تریلیۆن و هەشت سەد و هەشتا و دوو ملیار و هەشت سەد و سی ملیۆن دینار) (ئەحمەد، ٢٠٢٢، لا ٢١٩) (خشتەی – ١١).

**(خشتەی – ١١)**

**داهاتی بەدەستهاتووی هەرێم لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥ – ٢٠١٩)**

| سەرجەمی داهاتی نێردراو لە لایەن وەزارەتی دارایی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥ – ٢٠١٩) (١) | داهاتی گەڕاوە لە هەرێم بۆ حکومەتی ناوەندی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥ – ٢٠١٩) (٢) | سەرجەمی داهاتی فرۆشراوی هەرێم لە دەرەوەی سۆمۆو لە (٢٠١٤ – ٢٠١٩) (٣) | پوختەی ئەو داهاتەی بۆ هەرێم ماوەتەوە لە ئەنجامی (3+2-1) |
|---|---|---|---|
| 96,196, 503,000,000 | 2,274,430,000,000 | 47,961,000,000,000 | 141,882,830,000,000 |

**سەرچاوە/** (ئەحمەد، ٢٠٢٢، لا ٢١٩).

کەواتە لە دوای ساڵی (٢٠٠٤)ەوە بڕە پارەیەکی خەیاڵی ڕووی لە ناوچەی توێژینەوە کردووە، چ لە بودجەی گشتی عێراق یان لە داهاتی فرۆشتنی نەوتی ناوەخۆ لە ڕێگەی سۆمۆو لە دەرەوەی سۆمۆ سەربەخۆ و بە تانکەر ..، هەروەها داهاتی خاڵە سنورییەکان و باج و داهاتی ناوەخۆ. هەموو ئەمانە دەتوانرا ببنە هەوێنی وەرچەخانێکی گەورە لە بوارەکانی پەرەپێدانی ئابووری و بەردەوام و بونیاتنانی ژێرخان و سەرخانی ناوچەکە لە دروستکردنی سەدان پرۆژەی وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری و پێشخستنی کەرتەکانی پەروەردەو تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە ... .

دوا قسە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر دۆسیەی نەوت ئەوەیە کە مەلەفی نەوت بووەتە کێشەیەکی هەڵواسراوی نێوان هەردوولا بێ چارەسەرکردن، لەبەر ئەوەی هەرێم ناتوانێت بچێتە ژێر باری مەرجەکانی عێراق، (بە تایبەت بەهۆی بوونی گرێبەستێکی (٥٠ ساڵە) لەگەڵ وڵاتی تورکیا)، عێراقیش ئامادە نییە بودجەی تەواوی بۆ بنێرێت، دانوستانەکانی نێوان هەردوولاش بە

کراوەیی ماوەتەوە، ئەم کێشەیەش بەردەوامە هەر لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە تا هەنووکە (٢٠٢٣). کێشەکە درێژەی کێشا و لەم نێوەندەدا خەڵک و دانیشتوانی کوردستانی عێراق لەگەڵ ئەوەی ماندوو بوون و زەرمەندی یەکەمیشن.

سەبارەت بەم تەوەرەیە بە پوختی دەتوانرێ بگوترێ ؛

**أ. لە ڕوو پێگەی سیاسییەوە؛** فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری دیاری هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هۆکارێک بووە بۆ بەستنی پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دونیا و هاتنی کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە، بە تایبەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی تورکیا، بەڵام ئەم کاریگەرییە سوودی نەبووە لە کاتی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەڵکو کاریگەرییە ئابوورییەکانی نەوت زیاتر بووە (فرج و خورشید، ٢٠٢٢، ص ٢٥).

**ب. لە ڕووی پێگەی ئابوورییەوە؛** کاریگەرییە ئابوورییەکانی دەرهێنان و بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ سوودی کۆمپانیا بێگانەکان و وڵاتەکانیان زیاتر بووە، وەک لەوەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ بۆ سوودی گشتی هاونیشتیمانیانی کوردستانی عێراق، لەبەرئەوەی بارودۆخی ئابووری هەرێم پێمان دەڵێت؛ بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان وەکو دروشمی ئابووری سەربەخۆ؛ سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش پەیوەندی بەم هۆکارانەوە هەبووە؛ (جۆری گرێبەستە نەوتییەکان – هەڵبەز و دابەزی نرخی نەوت – سەرهەڵدانی ڕێکخراوی داعش لە عێراق و شام – سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا – نا شەفافی لە خستنەڕووی داتای تەواوی بەرمیلە نەوتەکانی بەرهەمهێنراو – کۆی تێچوون و خەرجی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان، کێشە لەگەڵ عێراق)

(سەنگاوی، ٢٠٢٠، لا ٦)، هاوکات دروستبوونی (قەیرانی دارایی لە ساڵی ٢٠١٤ لە دوای برینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان)، هەر بۆیە ئەم هۆکارانە وایانکردووە داهاتی گەڕاوەی نەوت بە شێوەیەکی ئەوتۆ ڕەنگ نەداتەوە لەسەر پەرەپێدانی کەرتە جۆربەجۆرەکانی ئابووری کوردستانی عێراق.

**ئەنجامەکان**

١. کوردستانی عێراق خاوەنی شوێنێکی جوگرافی و جیۆلۆجی دەوڵەمەندە بە سامانی نەوت، ئەمەش وای کردووە سەرنجی گەورە وڵاتانی زلهێز بە لایدا خۆیدا ڕابکیشێت، هەر بۆیە گەورە کۆمپانیاکانی بواری وزەی ئەم وڵاتانە ڕوویان لەم ناوچەیە کردووە بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گازی سروشتی. بەستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی بواری وزە لە کوردستانی عێراق دەرخستنی گرنگی پێگەی جوگرافی و سیاسی و ستراتیژی کوردستانی عێراقی زیاتر کردووە لەسەر ئاستە جیاوازەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و جیهانی.

٢. لە ئەنجامی خستنەڕووی دابەشبوونی جوگرافی کێڵگە و بلۆکە نەوتییەکانی کوردستانی عێراق، لە کۆی ئەنجامی تایبەتمەندییەکان کە لە خشتەکانی هاتووی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێ؛ کۆی گشتی یەدەگی نەوتی کوردستانی عێراق دەگاتە (١٢١,٨٣٠ ملیار بەرمیل نەوت)، ڕووبەری کێڵگە و بلۆکە نەوتیەکانی یەکسانە بە (٤٠,٥٢٠ کم٢) ئەمەش واتە (٤٦.٤٪)ی ڕووبەری کوردستانی عێراق بریتییە لە ناوچەی نەوتەلانی، سەرجەمی بیرەکانی دەگاتە (١,٠٥٦ بیر)، ناوەندی قوڵی بیرەکان خۆی لە (٢,٩١٩ م) دەدات، ئەمەش قوڵییەکی ستانداردی جیهانییە بۆ دەرهێنانی نەوت لە بیرەکاندا. ئەنجامی دابەشبوونە جوگرافییەکەی کێڵگەو بلۆکە نەوتییەکان ئەوەمان پێ دەڵێت کە سامانی

نەوت لە سەرجەم ناوچە و پارێزگاکانی کوردستانی عێراق بە جیاوازی بڕ و یەدەگی کەم تا زۆرەوە بوونی هەیە.

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٥٨ گرێبەستی نەوتی و گازی) لەگەڵ کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی بواری وزە واژۆکردووە، زۆربەی گرێبەستەکانیش لە (جۆری گرێبەستی بەشداری بەرهەم)ن، وە زیاتر لە (٤٥) لە گەورە کۆمپانیاکان واژۆیان کردووە بۆ گەڕان و پشکنین و هەڵکەندن و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە وێنەی کۆمپانیاکانی (Forza Petroleum Ltd)ی سویسری و (Exxon Mobile)ی ئەمریکی و (DNO)ی نەرویجی و (KNOC)ی کۆری و (Dana Gas)ی ئیماراتی و (Genel Energy)ی تورکی و (Gazprom)ی ڕوسی .... هەڵبەت بوونی کۆمپانیا نەوتی و گازییەکان و کارکردنیان لە ناوچەی توێژینەوەدا دەرخستەی گرنگی پێگەی ئابووری ناوچەکە بەدیار دەخات تەنانەت هۆکارێکیشە بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێم.

٤. ئەنجامی تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستانی عێراق لە ماوەی (١٨ ساڵ)ی (٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠٢٠) ئەوەمان پێدەڵێت کە ناوچەکە لەوکاتەوە تا ئێستا (٦٧١,٠٧٨,٦٥٨ ملیۆن تەن) نەوتی بەرهەمهێناوە، نەوتی کەرکوک بە تەنها بە ڕێژەی (٦٨.٣١٪) بەشدارە، هەروەها ناوچەکە بە ڕێژەی (١٨.٩٦٪)ی کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتی عێراق بەشدارە.

٥. ئەنجامی تێکڕای هەناردەکردنی نەوتی کوردستانی عێراق لە ماوەی (١٨ ساڵ)ی (٢٠٠٣ بۆ ٢٠٢٠) ئەوە دەخاتەڕوو کە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا بڕی (٤٧٣,٩٢٧,٧٤١ ملیۆن تەن) نەوت هەناردەکراوە، ئەمەش واتە ڕێژەی (٧٠.٦٢٪)ی ئەو نەوتەی بەرهەمهێنراوە هەناردەی دەرەوە کراوە. بە تەنها نەوتی کەرکوک بە (٦١.٥٪) بەشدارە لە ڕێژەی کۆی گشتی هەناردەکردن، هەروەها ناوچەکە بە ڕێژەی (١٧.٥٪) ی

كۆی گشتی هەناردەكردنی نەوتی وڵاتی عێراق بەشدارە.

٦. لە ماوەی ساڵانی دەسپێكی فرۆشتنی نەوت تا ساڵی (٢٠١٩) هەرێمی كوردستان بە تەنها و لە دەرەوەی كۆمپانیای (SOMO) بە بەهای زیاتر لە (٦٨ ملیار دۆلار) نەوتی فرۆشتووە، ئەمە جگە لەوەی بە تانكەر فرۆشراوەو هەژمارنەكراوە. وە بە پێی ڕاپۆرتەكان پوختەی ئەو داهاتە گشتییەی بۆ هەرێم ماوەتەوە گەیشتۆتە (١٤١,٨٨٢,٨٣٠,٠٠٠,٠٠٠ سەد و چل و یەك تریلیۆن و هەشت سەد و هەشتا و دوو ملیار و هەشت سەد و سی ملیۆن دینار)ە، بەڵام ئەم بڕە پارە بێ شومارە ڕەنگدانەوەیەكی ئەوتۆی نەبووە لەسەر پەرەپێدانی بەردەوامی كەرتە جۆربەجۆرەكانی ژیانی هاونیشتیمانیان و دروستكردنی ژێرخانێكی ئابووری پتەو كە بەرگەی پێشهاتی قەیرانێكی ئابووری لەوەها شێوەیەك بگرێت.

**ڕاسپێری**

١. پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندار كە (حكومەتی هەرێمی كوردستان)ە، بایەخ بدات بە فرە چەشنكردنی ئابووری، پەرەبدات بە كەرتەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار و بازرگانیكردن، چونكە پشت بەستن لەسەر تەنها سەرچاوەیەكی دارایی كە نەوتە، ئەوا لە ئەگەری هاتنە پێشێی هەر ئاستەنگێك ئەوا ئابووری هەرێم دوچاری قەیران دەبێتەوە.

٢. لە حاڵەتی بەستنی گرێبەستە نەوتییەكان و هێنانی كۆمپانیان بۆ هەرێمی كوردستان، ڕەچاوی دادپەروەری جوگرافی بكرێت، لەبەر ئەوە خوێندنەوەیەكی گونجاو هەڵناگرێت بۆ سوودی گشتی نیشتیمانی، كە كەمترین وەبەرهێنان لەو ناوچانەدا بكرێت كە خاوەنی سامانێكی گەورەن لە نەوت و گازی سروشتی.

٣. پێویستە هەوڵێكی كارا بدرێت بۆ چارەسەركردنی دۆسیەی نەوت لە نێوان هەولێر و بەغدا، و جێگیركردنی پشكی هەرێم لە بودجەی گشتی دەوڵەتدا، خەڵك و موچەخۆرانی كوردستان تا ئەندازەیەک بەشیان هەبێت لە داهاتی گەڕاوەی نەوت لە ڕێی كاركردن بە پرۆژەی پارەی (پترۆدۆلار).

## لیستی سەرچاوەكان

**یەكەم/ سەرچاوە كوردییەكان؛**


١. ئەحمەد، موحەمەد ڕەحمان، (٢٠٢٢)، ئاڵنگارییەكانی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی كولتور – ژمارە (٤٢)، هەولێر.

٢. (٥٧) بلۆكی نەوتی كوردستان، (٢٠١٣)، لا ٥٢ – ٥٣، گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی، ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی دەریدەكات، ژمارە (١١).

٣. حداد، هاشم یاسین، (٢٠٠٩)، ئەتڵەسی هەرێمی كوردستانی عێراق و جیهان، چاپی یەكەم، بڵاوكردنەوەی كۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و كاری هونەری، هەولێر.

٤. حەمە ڕەفعەت و ڕەئوف، محمد و فازڵ، (٢٠٢٠)، نەوت .. ڕەحمەت یان لەعنەت، ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی درەو میدیا، بەرواری بڵاوكردنەوە ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠.

٥. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان، نەخشەی كارگێڕی هەرێمی كوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢٢).

٦. حكومەتی هەرێمی كوردستان، (٢٠١٣)، لا ٩ – ١٦، وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، ڕاپۆتی مانگانە، ژمارە (١)، تشرینی یەكەمی.

٧. حكومەتی هەرێمی كوردستان، (٢٠١٣)، لا ٧ – ١٩، وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، ڕاپۆتی مانگانە، ژمارە (٢)، تشرینی دووەمی.

٨. حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠١٤)، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ڕاپۆرتی مانگانە، ژمارە (٤)، کانونی دووەمی.
٩. حکومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠١٧ – ٢٠٢٠) داتای کراوەی حکومەت، ڕاپۆتەکانی دیلۆیت (Deloitte).
١٠. ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق؛ هەرێم لە ٢٠١٤ – ٢٠١٩ بایی (٤١ ملیار دۆلار) نەوتی فرۆشتووە، ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی درەو میدیا، بڵاوکراوەتەوە لە بەرواری ٢٤/ ١/ ٢٠٢١.
١١. ڕاپۆرتەکانی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی درەو میدیا، بەشی ئابووری، مەلەفی نەوت، ٢٠١٨ - ٢٠٢٠.
١٢. ڕاپۆرتی درەو میدیا، بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەرواری بڵاوکردنەوە: ٢١/ ٢/ ٢٠٢٢.
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9734
١٣. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت (ROPT، 2019 – 2020).
١٤. ڕەئوف، محمد، (٢٠١٥)، بودجە و کارتێکەرەکانی (شیکاری گەندەڵی و بەهەدەردانی بودجەی هەرێم ٢٠٠٤ – ٢٠١٤)، چاپی یەکەم، چایخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٥. سەنگاوی، بێستوون محەمەد، (٢٠٢٠)، سناریۆکانی بە بازاڕکردنی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (٢).
١٦. طالب و صادق، جەزا تۆفیق و سیروان عارەب، (٢٠١٩)، ڕۆڵی نەوت لە کێشی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی (٢٣)، ژمارە (٦)، ساڵی ٢٠١٩.
١٧. فتح اللە، سفین جلال، (٢٠١٥)، نەوتی هەرێمی کوردستان (شیکردنەوەیەکی جوگرافیای سیاسی)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
١٨. قادر، کاوە نادر، (٢٠٠٨)، ڕۆڵی نەوت لە چارەنوسی گەلی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

١٩. کاکە ڕەش، تارق، (٢٠٠٩)، بایەخی جیۆپۆلەتیکی نەوتی پارێزگای کەرکوک، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی.
٢٠. محەمەد، چنار بابکر، (٢٠١٦)، کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢١. نەقشەبەندی، ئازاد، ١٩٩٨، نەوتی کوردستانی عێراق، بەشی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و تویژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢٢. هەرێمی کوردستانی عێراق، (٢٠٠٧)، سەرۆکایەتی هەرێم، بڕیاری: ژمارە (٢٨)، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی – عێراق.

**دووەم/ سەرچاوەی عەرەبی:**

٢٣. أحمد یاسین و آخرون، (٢٠١٩)، طرق نقل النفط من حقول کوردستان العراق، مجلة وادي النیل للدراسات والبحوث الإنسانیة والإجتماعیة والتربویة.
٢٤. الجابري، مصطفی عبدالحسین عبدالسادة، (٢٠٢١)، صناعة إستخراج النفط في محافظتي میسان وکرکوک وآثارها التنمویة (دراسة مقارنة)، رسالة ماجستیر، الجامعة المستنصریة، کلیة التربیة.
٢٥. الکاکائي، وحید انعام، (٢٠٢٠)، جیوسیاسیة النفط والغاز في إقلیم کوردستان العراق والفواعل الإقلیمیة والدولیة، مجلة العلوم الإنسانیة، جامعة دیالی.
٢٦. النقشبندي، نسار مسعود محمود، (٢٠١٦)، ص ١٢٨- ١٣٢ – ١٥٦ – ١٦٠. التحلیل المکاني لإنتاج البترول وصناعة تکریره في إقلیم کردستان العراق (دراسة في جغرافیة الإقتصاد)، أطروحة دکتوراه، جامعة المنصورة, کلیة الآداب.
٢٧. دستور جمهوریة العراق، ٢٠٠٥، المادة: ١٤٠.
٢٨. دلشاد عمر عبدالعزیز، (٢٠٢٠)، النار الأزلیة في بابا گرگر کما وصفها المصادر ومشاهدات الرحالة عبر العصور التأرخیة، مجلة جامعة کرکوك

للدراسات الإنسانية، عدد خاص ملحق مجلد: ١٥، العدد (٢).

٢٩. صادق، (٢٠١٢)، سيروان عارب، دور الموارد الثروة النفطية في التنمية المستدامة بمحافظة كركوك، أطروحة دكتوراه، جامعة الموصل، كلية التربية، موصل.

٣٠. عبدالله و دعيج، زياد فاضل و منى علي، (٢٠٢١)، التباين المكاني لإنتاج النفط الخام في شركة نفط الشمال للمدة من (١٩٩٩ – ٢٠١٩)، مجلة آداب الفراهيدي، المجلد (١٣)، العدد (٤٦)، دار الكتب الوثائق، بغداد.

٣١. فرج و خورشيد، أنور محمد و چالاک معتصم، (٢٠٢٢)، کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان/ عێراق، مجلة جامعة التنمية البشرية، المجلد (٨)، عدد (٢).

٣٢. كجةجي، صباح، ٢٠٠٢، التخطيط الصناعي في العراق، أساليبه و تطبيقاته وأجهزته، الجزء الأول، بيت الحكمة، بغداد. لقمان عمر محمود النعيمي، (٢٠٢٠)، شراكة تركيا مع إقليم كردستان – العراق في مجال الطاقة بعد العام ٢٠١١، مجلة دراسات إقليمية، السنة ١٤، العدد ٤٦.

٣٣. محمد، خليل إسماعيل، (٢٠٠١)، إتجاهات سياسة التغيير الديمغرافي لسكان محافظة كركوك، وقائع الندوة العلمية التي عقدها مركز كربلاء للبحوث والدراسات في لندن من ٢١ – ٢٢ تموز ٢٠٠١.

٣٤. محمد و حسێن، شاڵاو عبدالخالق و سەرتیپ خالص، (٢٠١٨)، کێشەی بە ناوەندیکردنی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لە عێراق دوای ٢٠٠٥ – ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بە نموونە، مجلة قەڵای زانست العلمية، المجلد (٣)، العدد (١) لا ١٢٦ – ١٢٧.

٣٥ . منظمة الأقطار العربية المصدرة للبترول (أوابک)، التقرير الإحصائي السنوي، ٢٠٢١.

٣٦. منظمة الأقطار العربية المصدرة للبترول (أوابک)، التقرير الإحصائي السنوي، (٢٠١٣)، (٢٠٢١).

٣٧. هەمەوەندی، یادگار عبدالله علي، (٢٠١٩)، الأهمية الجيوبولتيكية لنفط كوردستان العراق (دراسة في الجغرافية السياسية)، أطروحة دكتوراه،

جامعة كويه, كلية العلوم الإجتماعية.
٣٨. وثيقة: إقليم كردستان يسيطر على (٤ حقول) نفطية في كركوك والموصل منذ عام (٢٠٠٣)، تاريخ النشر: ٢٤/ ٩/ ٢٠٢٠, من الموقع الإلكتروني؛ https://iraqi24.com/new

**سێیەم/ سەرچاوەی ئینگلیزی:**

39. Mackertich and Samarrai, Adnan I. and David S, (2015), History of hydrocarbon exploration in the Kurdistan Region of Iraq, GeoScienceWorld. (geoscience.org).

40. Ministry of Natural Resourses, (November 2014), Kurdistan Regional Government, Expatriate Staff Survey.

41. MNR, (2013), p Discoveries and Development. Kurdistan Region of Iraq, The Oil & Gas Year – The Who's Who of the Global Energy Industry.

42. Organization of the Petroleum Exporting Countries - OPEC, Annual Statistical Bulletin, (2007 – 2018).

43. Salih and Yamulki, Rdhwan Shareef and Akram, (2020), Reforms Feasibility in Kurdistan Region Petroleum Contracts, Triggered by the New Regional Blocks Divisoins, international Journal of Business and Social Science, Vol. 11, No 5 .

ا

## الملخص

## لتحليل الجغرافي لتوزيع الثروة النفطية في كوردستان العراق

في هذه الدراسة يتم تحليل موضوع مهم في إطار علم جغرافية الإقتصاد، وهو (التوزيع الجغرافي لثروة النفط في كوردستان العراق)، وهذا الإقليم جزء من وسط الشرق الأوسط الغني بالنفط. وتشير الدراسة بأن كوردستان العراق لديه كمية كبيرة من إحتياط النفط، وإن توزيع الحقول والقطاعات النفطية في منطقة الدراسة بإختلاف موقعها الجغرافي والجيولوجي على المحافظات والمناطق الكوردستانية بإختلاف خصوصيتها النادرة.

وتكمن أهمية االموضوع اليوم بأن الثروة النفطية واحده من الأعمدة الرئيسية التي تعتمد عليها الحياة الإقتصادية لكوردستان العراق. و وجود هذه المصادر الكبيرة في خبايا و جوف الأرض جعل حكومة إقليم كوردستان تعقد مجموعة عقود خاصة بعد سنة (٢٠٠٧) مع الشركات الأجنبية الدولية حول البحث والتنقيب وإيجاد واستخراج وانتاج وتصدير وبيع النفط بغرض تطوير قطاع الطاقة واستحصال الاقتصاد المستقل.

ومن أهداف الدراسة؛ توضيح مراحل تطوير الإنتاج وتصدير سنة بعد سنة. وإظهار دور وتأثير قطاع النفط لمستوى إقتصادي وسياسي وإستراتيجي عالي لكوردستان العراق على المستوى المحلي والخارجي. ومن أجل تحقيق أهداف الدراسة التي تنص على عمق الموضوع وتكون مقسمة لثلاثة مباحث.

وإن واحدا من أهم الإستنتاجات التي توصلت اليها الدراسة بأن حجم احتياط النفط المضمون والمتوقع لكوردستان العراق يقارب من (١٢١,٨٣٠ مليار برميل نفط)، وان مساحة الحقول والقطاعات المؤسسة والمسطحة تصل الى (٤٠,٥٢٠ كم٢)، وان عدد الابار المحفورة مساو بـ (١,٠٥٦ بئرا)، ومركز عمق الابار بصورة عامة مساو بـ (٢,٩١٩ متر).

# Abstract

## Geographical analysis of the distribution of oil wealth in Iraqi Kurdistan

In this study, an important topic is analyzed within the framework of economic geography, which is (the geographical analysis of the distribution of oil wealth in Iraqi Kurdistan). This region is part of the oil-rich central Middle East, and this study indicates that the region possesses a great amount of oil reverses in the underground oil stores and stashes.

Based on different geographical locations and significance in quality, the Iraqi Kurdistan's oil fields and blocks have been distributed in different areas and governorates of the region.

The importance of the topic today that the oil wealth is one of main pillars on which the economic life of Iraqi Kurdistan depends. And the existence of these great sources in the ground, leading the Kurdistan Regional Government to start working on building its own independent economy by signing some contracts related to exploring, drilling, producing, exporting, and selling oil to build and promote the energy sector and bring about an independent economy.

The aim of the study is to clarify the phases of production development and export year after year as well as showing the role and influence of the oil sector, and oil have become strong factors behind promoting its economic and political ranks internally and externally. In order to achieve the aim of the study which enters into the depth of the subject and it is divided int three sections.

And one of the most important conclusions reached by the study, the actual and estimated oil reserves in Iraqi Kurdistan is approximately (121,830 billion oil barrels) and the area of the oilfields and oil blocks, including those that have already been erected and those under construction, reach (40,520 square kilometers). Moreove, the number of the drilled oil wells is (1,056 wells) in the overall depth of (2,919 meters).